https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.03

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەرییەکانی بەپەراوێزبوونی کورد
# لە سەدەکانی (٤-٥ک/ ١٠-١١ز)
# لێکۆڵینەوەیەک لەژێر ڕۆشنای تیۆری ئیبن خەلدوون

سامان عوسمان عالی (برادۆستی)
بەشی مێژوو_فاکەڵتیی ئاداب
زانکۆی سۆران
Saman.alee@soran.edu.iq

پ. ی. د. کامەران عەزیز عەبدوڵڵا
بەشی مێژوو_کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
kamaran.aziz@koyauniversity.org

**پوختە:**

کورد وەک ڕەگەزێکی دیار و ناسراوە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، شێوەیەکی پەراوێزخراو بە سروشتی ژیانییەوە دیارە و سەر بە ناوەند بووە، بەو واتایەی ئەوانی تر هەردەم هەژموونیان بەسەر کورددا بووە، ئەو دووربوونەی کورد لە ململانێ و کێبڕکێی بەناوەندبوون، وەکوو لێکەوتەیەک بە ژیار و ژیانی کوردەوە دیارە، لێرەدا شیکاری ئەم دیاریدەیەمان کردووە بە تێگەیشتنی یەکێک لە بیریارانی فەلسەفەی مێژوو ئەویش؛ "ئیبن خەلدوون"

ئەم توێژینەوەیە قسە لەسەر ئەو کاریگەرییانە دەکات، کە کاریگەربوون لەسەر دۆخی هەمەلایەنی لە پەراوێزمانەوەی کورد لە دوای ئەو قۆناغە مێژووییەی ئاماژەمان پێداوە.

١.١ ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و سێ باس پێکدێت، دەروازەکە تایبەتە بە شیکردنەوەی مەبەست لە بەپەراوێزبوون و بە پەراوێزمانەوەی کورد، نەبوونی کورد بە ڕۆڵگێڕ لە ناوەند هاوشانی ڕەگەزکانی دیکە. هەرچی باسی یەکەمی توێژینەوەکەیە دووخاڵ لەخۆدەگرێت، خاڵی یەکەم لە سەر کاریگەرییەکانی لایەنی کۆمەڵایەتی دەدوێت. خاڵی دووەم، باس لە کاریگەریی لایەنی ئابووری بەپەراوێزبوونی کورد دەکات، لە باسی دووەمدا ئاماژە بە کاریگەریی لایەنی سیاسی و سەربازیی دەدات، وەک دەرهاویشتەیەکی بەپەراوێزبوونی کورد، هەرچی باسی سێیەمە باس لە کاریگەرییەکان لە سەرلایەنی جوگرافی و دیمۆگرافی دەکات، لە بەرئەنجامی ب پەراوێزبوونی کورد، تیشک دەخرێتە سەر لایەنی جوگرافی و کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان بەهۆی بەپەراوێزبوونی کورد، لە هەمان کاتدا ئەم باسانە چ کاریگەرییەکی لە سەر هزری ئاوەدانی هەیە لە پەلکێشکردنی کۆمەڵگە بۆ بەناوەندبوون و بەپەراوێزبوون.

**وشە کلیلییەکان**: کورد، پەراوێز، کۆمەڵگە، دیمۆگرافیا، ئاوەدانی، ئابووری، مێژوو، ناوەند.

## کاریگەرییەکانی بەپەراوێزبوونی کورد

## لە سەدەکانی (٤-٥ک/ ١٠-١١ز)

## لێکۆڵینەوەیەک لەژێر ڕۆشنای تیۆری ئیبن خەلدوون

### پێشەکی:

کاریگەریی بەپەراوێزبوونی کورد، یەکێکە لە بابەتە زیندووەکانی مێژووی کورد، لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست تا ئەمڕۆش کورد لەژێر کارگەریی بەشێکی زۆری ئەو بەپەراوێزبوونەدایە، بەهەمان فۆرمە سیاسی و جوگرافییە چەقبەستووەکە ماوەتەوە و نەیتوانیوە خۆی لە گرێ و کاریگەریی لێکەوتەکان دەرباز بکات، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو، بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەو لێکەوتانە بخەینەڕوو، کە تاڕادەیەکی زۆر بەربەستبوونە لەبەردەم بنیادنانی ناوەندێکی کورد و گەیشتن بەوەی کە ئەوانی دیکە پێی گەشتوون.

ئەگەرچی چوارچێوەی توێژینەوەکە لەنێوان (٣٠٠-٥٠٠ک/ ٩١٣-١١٠٦ز)دایە، سەردەمی حوکمڕانیی بوەیهییەکانە لە خەلافەتی عەباسی تا هاتنی سەلجوقییەکان و هەرەسی دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردی لەخۆدەگرێت، بەڵام کاریگەرییەکانی بەپەراوێزبوونی کورد پرۆسەیەکی کەڵەکەبووە و پەیوەست نییە بە یەک قۆناغ لە مێژوودا، هەروەها فاکتەرەکانیش لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی دەرەکی فاکتەری

بۆماوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین، تەنانەت هەندێجار پەیوەندی بەو لۆژیکە سیاسییەوە هەبووە کە کورد بەر لە هاتنی ئیسلام تێیدا گوزەری کردووە، بۆیە لە هەندێک شوێن نموونەمان بە قۆناغی دواتر لەو قۆناغە هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی بەردەوامیەتی کاریگەریی لێکەوتەکان، وەک بەرچاوڕوونی بۆ ئامادەیی و بەردەوامیی کارلێکی زەمەنە جیاوازەکان.

سروشتی توێژینەوەکە وای خواستووە، کە دەروازەیەک و سێ باس لەخۆبگرێت، لە دەروازەدا ئاماژەیەکمان بە مەبەستەکانی لەپەراوێزمانەوەی کورد و نەبوونی وەکو هێزێکی ململانێکار و کێبڕکێکاری ناوەند کردووە. لە باسی یەکەمدا، کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەکان شیکراوەنەتەوە، لە خاڵی یەکەم لایەنی کۆمەڵایەتی و کارتێکردنی بەپەراوێزبوونی کورد خراوەتەڕوو و گرفتەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕوونکراونەتەوە. لە خاڵی دووەمدا، کاریگەریی لێکەوتە ئابوورییەکان لەسەر کورد شیکراونەتەوە، هەرچی باسی دووەمە کاریگەریی سیاسی و سەربازی خراونەتەڕوو لە سەر ئایندەی هەرێمە کوردنشینەکان. لە باسی سێیەمدا، کاریگەریی جوگرافی و دیمۆگرافییەکان باسکراوە، لەگەڵ شوناسی مانەوەی کورد لەنێو ئەو هەموو ئالنگارییانە. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو.

## دەروازە// مەبەست لە بەپەراوێزبوونی کورد

مەبەست لە پەراوێزبوون و نەبوونی هەژموونی کوردە لە ناوەندی خەلافەتدا هاوشانی هێزەکانی تر، نەبوونی کورد بەهێزیی ناوەند و کەوتنە ژێرکاریگەریی هێزەکانی ناوەندە، واتە؛ پەیوەندی و پەیوەستبوونی کورد و خاکەکەی بەو هێز و دەسەڵاتەی، کە حوکمڕانیی ناوچە کوردنشینەکانی کردووە و بە بەشێک لە خاکی خۆی زانیوە و کەوتووەتە چوارچێوەی

جوگرافیی سیاسیی ئەو هێزەی کە فەرمانڕەوایی لە ناوچەکەدا کردووە و تێدا باڵادەست بووە، کە ئەمەش ڕەگێکی قووڵی لە مێژووی کورددا هەیە، و دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی سوپای موسڵمانان بۆ فەتحکردنی ئەو جوگرافیایە. لە ڕاستیدا، لەم جوگرافیایە ئەم دیاردەیە هەر بەردەوام بووە و کورد لە پەراوێزدا ژیاوە، لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکارییەکانی ناوەند ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر هەرێمە پەراوێزکەوتووەکان هەبووە، بەڕوونی لە سەرچاوە مێژووییەکان ڕووندەبێتەوە کە کاریگەریی ناوەند، خەلافەتی عەباسی ناوەندی بڕیار لاوازبووبێ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم هەرێم و ناوچانە هەبووە، کە سەر بە ناوەند بوونە چ وەک بڕیاری سیاسی، هەژموونی بەڕێوەبردن و توانای ئیدارەدانی شار و ناوچەکان. چ وەک جوگرافیای سیاسی و وابەستەیی بە بەغدا بەو باڵادەستە سیاسییانەوە، بەردەوام هەرێمە کوردنشینەکانیان بە هی خۆیان زانیوە و کاریگەرییان لەسەر هەبووە.

سەرەڕای ئەوەی کە ناوچە کوردنیشینەکان لەماوەی فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردییەکاندا جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردنی لۆکاڵییان هەبووە و جیاوازییەک بەدیدەکرێت لە سەربەخۆبووندا بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشووتر، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کورد نەیتوانیوە لە خاکەکەی خۆی لە پەراوێز دەرچێت و نەشیتوانیوە، بچێتە ناو ململانێی ناوەند و کێبڕکێ بکات لەگەڵ هێزەکانی تردا. لایەنی کەم لەم وابەستەبوونیدا خۆی دەرباز بکات و ببێت بەخۆی نەک لەوانی تردا خۆی ببینێتەوە، بەڵکو هەمیشە پەیوەستی ناوەند و لەژێرکاریگەریدا بوون (ابن الاثیر، ١٩٨٧م: ٨/ ٢١٢؛ حسن، ٢٠١١: ٧٧-٨٦)، کە ئەمانە هەموو بەشێکن لە سیمای وابەستەبوون و مانەوە لە پەراوێزدا.

هاوکات جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لەنێوان شێواز و جۆری فەرمانڕەوایی ناوەند و هەرێمە پەراوێزکەوتووەکان، بە شێوەیەک ناوەند

هێزی زاڵ و بڕیاربەدەست و جوڵێنەر و ئاڕاستەکەرە، هەرێمە پەراوێزەکانیش جێبەجێکاری بڕیار و ئاڕاستەکراون (ابن الاثیر، ١٩٨٧: ٧/ ٦، ٢٧)، لە قۆناغی میرنشینەکانیش بە ئاسانی گوێڕایەڵی ئەو هێزانەیان کردووە کە دەسەڵاتی ناوەندیان هەبووە (ابن العبری، ١٩٨٦: ٩٦-٩٧).

بوونی مێژوویکی دوور و درێژ لە پەراوێز و تێکەڵنەبوون بە ئاوەدانی و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی بەو شێوازەی ژیان ڕابێن، ئەوەش یارمەتیدەری زۆری جێگیربوونی هەژموونی هێزەکانی تر بووە، کە بتوانن هەمیشە کورد و کۆمەڵگەکەی بخەنە چوارچێوەی مسۆگەرکردنی بەرژوەندییەکانیان، کوردیش لەپێناو پارێزراویی ئەو سروشتە ژیانە دیاری و سەرانەی بە پاشایانی ناوەند داوە، ئەوانیش لێیان گەڕاون. لەم ژیانسادەیەش ناکۆکی هێندە قووڵیان لە نێواندابووە، کە زەمەن و قۆناغەکان نەیتوانیوە ئەم ناکۆکییە کاڵبکەنەوە، ئەوەش وایکردووە نەپڕژێنە سەر بیرکردنەوە لە گۆڕانکاریکردن و خۆبەناوەندکردن تا لە ڕێگایەوە حوکمی خۆیان و دەوربەرییان بکەن، مانەوە لەم دۆخە کۆمەڵێک کاریگەری هەبووە لەسەر مێژووی کورد لەو قۆناغە و لە قۆناغەکانی دواتریش ڕەنگیداوەتەوە (ابن الساعی، ١٣٠٩: ١٣٤؛ شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٠، ٢٤).

## باسی یەکەم: کاریگەریی بەپەراوێزبوونی کورد لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری

### یەکەم: بەپەراوێزبوونی کورد و کاریگەریی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی

کورد لە ململانێی پەراوێز و ناوەندی دەسەڵات هەمیشە بەرەو پەراوێز کشاوەتەوە نەچووەتە کێبڕکێ بەهێزەکان، ئەوەش لە ڕووی کۆمەڵایەتی کاریگەریی قووڵی لەسەر ژیانی کورد بەجێهێشتووە، ڕوونە

که کۆمەڵگە لە مرۆڤەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، مرۆڤیش بۆ خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بە ناچاری دەبێت بە کۆمەڵی بژیت و سەرەکیترین خواستەکانی پێویستییەکانیەتی و ئامانجی لە پێشینەشی بریتییە لە پاراستنی بوونی خۆی لە مەترسییەکان، هەر بۆیە ژیانی مرۆڤ بە تەنها شتێکی مەحاڵە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٣٨٢)، لەبەرئەوەی هێزەکانی مرۆڤ پەڕاگەندەن مرۆڤ لە بارەی هێز شەریکی یەکترن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١١٦)، کەواتە؛ ئەوەش ڕووندەبێتەوە، کە مرۆڤەکان بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی ژیانی ناچارە لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان، هاوکاری یەکتر بکەن، ئەندێشەی مرۆڤیش عەودالی بەدەستهێنانی پێویستییەکانە، بۆیە کۆششدەکات و دەگەڕێت بۆ ئەوەی مرۆڤانێک بدۆزێتەوە تا ئەو بۆشاییەی لە پێویستییەکانیدا هەیە بە زانیاریی ئەو پڕیبکاتەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٥٩)، بەم هۆیە مرۆڤ لە هەوڵدانی بێوچانە لەپێناو پێویستییەکانی (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ١٩٠). سروشتی دروستبوونی کۆمەڵگەش وایە، کە خەڵکی بە سروشت پێویستییان بە هاوکاری یەکترە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ١٨٧)، هەر بۆیەش مرۆڤ خاوەن سروشتێکی شارستانییە، ناچارە کۆمەڵگە دروستبکات, لەبەرئەوەی مەحاڵە مرۆڤ بە تەنها ناتوانێت پێویستییەکانی خۆی دابینبکات (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ١٩٣)، لە هەمان کاتیشدا بە تەنها ناتوانێت بەرانبەر مەترسییەکانی سەری بوەستێت، بۆیە دەبێت لەگەڵ هاوشێوەکانی کاربکات، لەبەرئەوەیە کۆمەڵگە پێویستییە بۆ مرۆڤ، ئاوەدانیش پێویستییە بۆ کۆمەڵگە. پاشایەتیش بۆ هەرسێکیان بۆ ئەوەی بەر لە ستەمکردن بگرێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ١٩٥)، کەواتە؛ مرۆڤ بە سروشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ناچاربووە، ڕوونیش بوویەوە کە پەیوەندیی مرۆڤ و کۆمەڵگە چۆن دامەزراوە.

سەیری کۆمەڵگەی کوردی دەکەین کە کۆمەڵگەیەکی دابەشبووی بە چەندین گرووپە لە شێوەی خێڵ و تیرە و بنەماڵە ژیاون (الخزرجي،

١٩٥٥: ١٠؛ ابن خزدابة، ١٨٨٩: ٤٧)، مرۆڤی کوردیش بە قووڵی کەتووەتە ژێر ئەم بارە، سەرچاوەی هێز و پشتوپەنای خۆی لە یاسا و دادگا و سیستەم دەوڵەتدا نەبینیوەتەوە، بەڵکو لە هێزی و یاسای خێڵەکەی خۆی، خۆی بینیوەتەوە، هەمیشەش شانازی بە خۆی و خێڵ و جیاوازییەکانی کردووە، خێڵیش بنەڕەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بووە، دابونەریتەکانی خێڵ کاریگەریی گەورەیان لە سەر دۆخی کۆمەڵایەتی کردووە، ژیانی خێڵایەتیش زیاتر گەشەی بەخۆوە بینیوە، کە لە قۆناغەکانی دواتر ژمارەیان بە شەش هەزار خێڵ مەزندە کراون (ئەولیا چەلەبی، ١٩٧٩: ٩١). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانیان، لە خێڵەکان دەسەڵات بە میراتی گوازراوەتەوە، سەرۆکی خێڵیش نەبۆتە هۆی ئازاری خەڵکەکەی، هەڵەی گەورەشی کردبێ خێڵەکەی پشتی تێنەکردووە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٥)، لە کۆمەڵگەی کوردی خێڵ جێگەی تەواوی سیستەم و دەسەڵات و دەزگای دەوڵەتی گرتۆتەوە، هەموو ئەوانەی دەرەوەی خێڵی خۆشی بە کەم و چاوی سوک سەیری کردوون بەتوندی لەگەڵ هەموو ئەوانەی دەوروبەریشی لە ململانێ و کێبڕکێی مانەوەدابووە (شەڕەفخان، ٢٠٠٦، ٢٢؛ برۆنسون، ١٩٩٩: ١/ ١٠٠-١٠١-١٠٢-١٠٣-١٠٤-١٠٥).

لە پەراوێز دەرچوون پێویستی بە دۆخێکی کۆمەڵایەتیی لەبار و یەکگرتوو هەیە، هەر ناکۆکییەک هەبێت بە زیانی بەناوەندبوونی هێزەکە کۆتاییدێت، وەک مەکیاڤیللی ئاماژەی بۆ دەکات؛ کە بوونی دووبەرەکی هۆیەکی ئاسان دەبێت بۆ داگیرکردنیان ( ٢٠١٩: ١٥٥)، بەبوونی کۆمەڵە سەرۆکخێڵێک لە ناوچەیەک هەمیشە قورسە دەسەڵاتی تێدا سەرهەڵبدا و جێگیربکرێت، چونکە بە زۆری دژی یەکن (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٧٧). لەم دۆخەش نەرەیتەکان کاریگەری لەسەر مرۆڤ دادەنێن بە جۆرێک کە هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی جیاوازییەکانی خۆی بێت، ئیبن خلدونیش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زۆریی خێڵ و تیرە و بنەماڵە هۆیەکی

نائارامەییە لە کۆمەڵگەدا، بە پێچەوانەش کەمیی خێڵ و تیرە و گرووپ هۆی ئارامی و هێمنییە ( ٢٠١٦: ١/ ٤٤٢).

زۆریی خێڵەکان هۆکارێکە تا هێزەکانی ناوەند هەژموونی خۆیان بسەپێنن، چونکە کاتێکیش دانیشتووانی ناوچەیەک هەمیشە سەرقاڵی جیاوازیی نێوانیان بن دەسەڵاتداریش بە ئاسانی دەتوانێ حوکمڕانی بکات لەو کۆمەڵگەیە (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٥٦)، هەر چەندە ناکۆکییەکانیش سادە بن، بەڵام هێندە بە قووڵی خۆیان پێوەگرتووە، بووە بە ڕەهەندێک کە هەرگیز چەند خێڵێک یەکتر نەگرن هەمیشە دژی یەک بن (ابن الساعی، ١٣٠٩: ١٣٤؛ بایەزدی، ٢٠١٥: ٢٩، ٣٩)، بەردەوام لە ململانێدا بن و ژیانی نیشتەجێیان ئارام نەبێت و بناغەی شارستانییەت گەشەنەکات و شاری فراوانیش دروستنەبن، کە وەکو مەڵبەندێک ببن بە بناغەی دەوڵەتدارییەکی دوورمەودا واشی کردووە ململانێی کۆمەڵایەتیی نێوان کوردی ڕەوند و کوردی نیشتەجێ و وەرزێر بەردەوام بێت لە قۆناغەکانی دواتریش، کە ڕەوەندەکان خاوەن هێز و سوڵتە و دەسەڵاتی خێڵەکیی بەهێزتر بوون، لە کاتێکدا ئەوانەی شار و گوندەکان لە ڕووی هێز زۆر لاواز و بێدەسەڵاتتر بوون (أبن الجوزي، د، ت، ١٥/ ١٠٤، ١٠٥؛ ریچ، ٢٠٠٨: ٩٧)، ئەوەش دۆخێکی کۆمەڵایەتیی ناجێگیری دروستکردبوو کە بە ئاسانی نەدەتوانرا زەمینە خۆشبکرێ کە ناوەندێکی خۆماڵی لە خاکی کوردان سەرهەڵبدات، بەردەوامبوونی کورد لەسەر کۆچەری و ڕەوەندایەتی بۆتە هۆکارێک کە دەسەڵات بنیادنەنرێ، کۆمەڵگەی کوردیش هەر خەریکی ئەو سروشتە ژیانەی ڕەوندایەتی بووە، بۆیە بە هەستکردن بەم کاریگەرییە شاعیری کورد حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) دەڵێت:

وادیارە ڕەسم و قانونێکی دەوران دادەنێ

کوردی ئێمە گەردەشی گەرمێن و کوێستان دادەنێ (کۆیی، ١٣٩٠: ١٧٩).

له دۆخێکی کۆمەڵایەتی لەم شێوەیە، کە هەرگیز ئەوانەی نیشتەجێ باری هێزی خێڵەکانیان نەبردووە، چونکە خێڵەکان هەمیشە سروشتێکی یاخی و بێمنەتیان بەرانبەر یەک و دەرەوەش هەیە، بۆیە کوشت و کوشتاری بێئەندازە لە نێوانیاندا هەیە (بایەزیدی، ٢٠١٥: ٦٥)، ئەوەش بەهۆی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی کە لە ناو هەناوی خێڵدا هەیە، لەم دۆخەش زاڵبوونی شار و ئەوانەی نیشتەجێنە بەسەر خێڵەکان ناهێتەدی بۆ دروستکردنی بناغەی دەوڵەت. لەلایەکی تر، خێڵیش لەبەرئەوەی خاوەن خاک و هێزی سەرچاوەی ژیانی بووە بیری لە گۆڕینی دۆخ نەکردووەتەوە، هێزەکانی تریش ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەیان بە بەرژوەندیی سیاسیی خۆیان زانیوە.

له تۆمارەکانی شەرەفخان مێژوونووس دەردەکەوێت و ئاماژە بەو دۆخە دەکات کە فەرمانڕەوایی ناوەند، کوردەکان دەکەن بە لایەنگریی خۆیان دیارییان لێ وردەگرن، لە بەرانبەریش دەستکاریی ژیانیان ناکەن و نایان وروژێنن( ٢٠٠٦: ٢٥)، ئەوەش زیاتر هاوکاریی هێزەکانی دیکەی کردووە، چونکە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی کۆچەری بووە بەردەوام لە جووڵەدا بووە، بۆیە بناغەی کۆمەڵگەیەکی شارنشینیی فراوان لە ناوچە کوردنیشینەکان نەچەسپاوە کە ببێتە بناغەی ناوەند یاخود بناغەی ململانێی ناوەندی، چونکە کۆچەری و خێڵەکان زۆرینەی ڕەهابوون (شەرەفخان, ٢٠٠٦: ٢٠، ٢٤).

بابەتێکی تری کاریگەر لەسەر کۆمەڵگای کوردی، لەپاڵ هەموو گۆڕانکاریی قۆناغەکانی مێژوو وەکو بابەتێکی ئاوێتەبوو بە ژیان و مێژووی کورد پەیوەستبووە؛ ئەویش ناکۆکی و بەردەوامبوون لەسەر ئەم پەرتەوازییە کە لە مێژووی کوردان وەکو لێکەوتەیەک لە هۆیە سەرەکییەکان بۆ دروستوونی ئەم دۆخە چەقبەستووە دادەنرێ، قۆناغەکان شاهێدی دووبارەبوونەوەی بەردەوامن لە بارەی ناکۆکی و

دووبەرەکیی نێوان کوردەکان (ابن الساعی، ١٣٠٩: ١٣٤؛ العمری، ١٣١٢: ٣٧-٣٨؛ شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢٥؛ برونسن، ١٩٩٩: ١٧٠-١٧١)، ئەوەش دۆخی سروشتی تەواوی قۆناغە مێژووییەکانی کوردە، کە لەسەر هەمان دۆخ بەردەوام بووە. هەموو لێکەوتەکان لە ڕەهەندێکی قووڵی مێژووییەوە هاتوون و بەرۆکی قۆناغە مێژووییەکانی دواتری ئەم پێکهاتە و هێزەیان گرتووە، جیاوازی و پەرتەوازیی هۆیەکە لە هۆیەکانی بەناوەندنەبوون و ژێردەستەبوون، هەبوونی جیاوازی لە نێوان دانیشتووانی ناوچەیەک بە ئاسانی دەستی بەسەر دادەگیرێت، چونکە ناڕازییەکان هەوڵی لایەنگیریی هێزی نوێ دەدەن دژی هەژموونی هێزە کۆنەکان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٣٢). ئەوەش لە مێژووی کۆمەڵگای کوردیدا واقعێکی زیندوو و بەردەوامبووە، هەر بۆیە خانی (١٦٥١ – ١٧٠٦) لەم بارەیەوە دەڵێت:

گـــــردی هەبوایە مە اتفاقەک  فیکرا بـــــکرا مە انقیادەک

روم و عرب و عەجم تمامــی   هەمیان ژمرا دکر خولامی

(خانی، ١٩١٩: ١٥)

واتە؛ هەبوونی هاوپەیمانی و سەرکردیەتی لەنێو کورد، دەبوو بە هۆکارێک، کە هێزەکانی دیکە ببن بە ژێردەست و خزمەتکاری کوردیان دەکرد، مێژووی ڕێگەنیشاندەری هەڵە و ڕاستییەکانە بە تێگەیشتن لە ئەزموونەکان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٠٣)، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی هەر ڕووداوگەلێک و بارودۆخێک گەر بەسەر مرۆڤەکان دادێت، بەشێکی هۆیەکەی مرۆڤەکانن. لایەنی کەم مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی نیوەی هەیە گەر نیوەکەی تری قەزاوقەدەر و چارەنووس بێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٨٠-١٨١).

ناکۆکی و تۆڵەسەندنەوە لەناو خێڵ و لەو خێڵانەی نەیاریانن گرفتێکی گەورە بووە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، تەنانەت کۆنەقین کێشەی گەورەی کۆمەڵگەی کوردی بووە، لە مێژووش بەردەوام هەبووە، کۆنەقین لە بێیاسای جێگەی یاسای دەگرتەوە بۆ سەندنەوەی ماف بەم هۆیە کوشتاری زۆر بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی گرتووەتەوە (بایەزدی، ٢٠١٥: ٢٩)، ململانێی نێوان هەردوو میرنشینی عەنازی و حەسنەوەیی دەرخەری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردین، تاهیری کوڕی هیلال هەرچەندە زاوای میر حسام الدولە ئەبوشۆک عنازی بوو، بەڵام بووە قوربانیی کۆنەقین، دواجاریش بە کوشتنی تاهیری کوڕی هیلال و لەناوچوونی میرنشینی حەسنەوەیی لە ساڵی (٤٠٦ک/ ١٠١٥ز) کۆتاییهات، لەم نموونەیە ڕووندەبێتەوە، کە کۆنەقین چ ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە (أبن الاثیر، ١٩٨٧: ٨/ ٨٢، ٩١). بەردەوامیش بووە لە قۆناغەکانی دواتریش، بۆیە تۆڵەسەندنەوە لە ناو کوردان چەند بەرانبەرە (شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢٦) تەنانەت لە پێناو تۆڵەکردنەوە لە یەکتر پەیوەندییان بە هێزەی ناکوردی و بیانی دەکرد تا بتوانن یەکتر بشکێنن، بە نموونە؛ سعدی کوڕی میر حسام الدولەی عەنازی دژی مامی خۆی میر مهلهلی کوڕی ئەبوفتح عەنازی مهلهل (٤٣٧-٤٤٤ک/ ١٠٤٦-١٠٥٣ز) هانای بۆ سەلجووقییەکان برد بەهۆی ئەوەی میر مهلهل دایکی میر سعدی مارەکرد، ئەمەش وای کرد جەنگی وێرانکەر بەسەر میرنشینی عەنازی دابهێت (ابن لاثیر، ١٩٨٧: ٢٧٣/٨) ئەو باردۆخە تۆڵەسەندنەوەیە شتێکی سروشتی بووە لەناو کورد کە پشت بە هێزی ناکوردی و بیانی ببەستێت، بە نموونە هەردوو خێڵی بووختی و بەشنەوەی لە هەرێمی جەزیرە ناکۆییەکان لەگەڵ دەسەهەڵاتی بنەماڵەی مەڕوانی بۆ دروستبوو، دواتر (ئەبی حەرب سلێمان کوڕی نەسرودەولە)ی مەڕوانیی لە ساڵی (٤٤٧ک/ ١٠٥٥ز) دەکوژن هەرچەندە خزم و نزیکی یەکترش بوون، بەڵام ئەم ناکۆییەکی نێوان کوردان دەرفەت دەدات بە میری عوقەیلییەکانی ئەم هەڵە بقۆزیتەوە، هەڵدەستێت بە ڕاکێشانی کوردانی یاخیبووی (بووختی و

بەشنەوییەکان)بۆ پاڵ لەشکری خۆیان بەم هۆیە شەڕی خوێناوی لە مەڕوانییەکان و لەگەڵ ئەو دوو خێڵە ڕوویدا، کە لە بەرەی عوقیلییەکان دەجەنگان دژی مەڕوانییەکان (ابن الاثیر، ١٩٨٧: ٨/ ٣٢١-٣٢٢)، ئەم نموونانە لە ئاستی سەکردایەتیی کورد دەرخەری کاریگەریی چەند بەرانبەر بۆ خەڵکی گشتی لە ملشکاند و زەلیل و زەبوونکردنی یەکتر بوون لەسەر کۆنەقین هەبوونی کێشە و گرفت، ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییانە هەمیشە کاریگەرییان هەبوو لە پشێویی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا بەربەستی بەردەم گەشەسەندنی هەمەلایەنی لە ژیانی ئەواندا، چونکە بە کەمی و بێغیرەتیان زانیوە لە دوژمنی خوێنی خۆیان ببەخشن ئەو جۆرەش بووەتە گرفتێک کە ڕێککەوتن و پێکەوەبوون لە نێوانیاندا نەبێت لە مێژوو هاو شێوەی ڕەگەزەکانی تر(موکریانی، ٢٠٠٧:٢/ ٢٣٢)، لە ڕاستی دا بوون بە ناوەند بە یەکگرتوویی وەدی دێت، بەڵام یەکتر قبوڵ نەکردن دان نەنان بە مەزنی یەکتر هەمووکات ناکۆکی بەدوای خۆ یدادەهێنێت، لەم بارەیەوە دەرباری کوردان خانی (١٦٥١ – ١٧٠٦)دەڵێت:

هندي ژشجاعتي غيورن  او چند ژ منەتی نفورن

اڤ غيرت واڤ علو همت  بو مانع حمل بار منت

لو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن     دائم بتمرد و شقـــاق

(خانی ١٩١٩: ١٤)

واتە؛ دوور ترسی و بەجەرگی کوردان بۆتە هۆی بەیەکەوە نەبوونیان، کەس گەورەی ئەوی تری قبووڵنەبووە، ئەوەش هۆکاری ژێردەستی و پەراوێز و پەرتەوازییانبووە، ئەوەش ڕووندەبێتەوە کە دەسەڵاتێک دروستنابێت کاتێک کوشتوکوشتار دەبێتە ڕێچارەی ناکۆکییەکان، گەشانەوە لەناودەچێت، چونکە پاسەوانی ئاوەدانی و

کۆمەڵگە لەلایەن دەوڵەت دەکرێت، لەناوچوونی هەریەکەیان؛ لەناوچوونی دووەمیشیانی بەدوایدادێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٠٣). بەم شێوەیە هەرگیز نووخبەیەکی بەهێز لە خاکی کوردان دروستنەبووە کە گۆڕانکاریی بکات و بتوانێت دۆخی کۆمەڵایەتی لە پەراوێز و پەرتەوازەییەوە ئاراستە بکات بۆ ناوەند و کێبڕکێی هێزەکانی تر، کۆنفدراسیۆنێکی خێڵەکی پێکبهێنێت، کۆمەڵگایەکی نایەکگرتوو بووە تەنانەت خێڵەکانیش لەناو خۆیان پارچەپارچە بوون، بەڵام هێزەکانی تر لە کاتی هەبوونی ئامانجێک دەبوون بە یەک بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر هێزی بەرانبەریاندا ئەگەرچی خێڵی و هۆز و تیرەی جیاوازیشبوون بە تایبەتی غوزە تورەکەکان (موکریانی، ٢٠٠٧:٢/ ٢٣٢؛ بامەڕنی، ٢٠٠٧: ١٤١) ئەم دۆخە ناکۆک و ئاڵۆزە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کێشاوە ژیاریی ناوچەکەش لە دۆخێکی خراپ بووە و ئاوەدانی و گەشانەوەی تێدا وەستاوە، کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان هێندە کاریان لە ژیان و ژیاریی کوردان کردووە، ڕەنگدانەوەی بەردەوام هەبووە لە قۆناغەکانی دواتر و بەردەوامیش بووە.

زانستەکان لە شوێنێک زۆر دەبن کە ئاوەدانی گەشەبکات (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٦٩) زانستە گەورە و قووڵەکان بەدەستهێنان و ڕووچوون تیایاندا لە شارە گەورەکان باویان هەیە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٧٢)، بە بوونی دۆخێکی کۆمەڵایەتیی نالەبار کورد زۆرینەی نەخوێندەوار و دوور لە ئاوەدانییە (شەڕف خان، ٢٠٠٦: ٢٤) ئەمەش وایکردووە فێرخواز و خەڵکێکی زۆر لەو قۆناغە مێژووییە و قۆناغەکانی دواتریش ڕوویان لە شارەکانی ناوەند کردووە، لەوێ گیرساونەتەوە بە هۆی نالەباریی دۆخی ناوچە کوردنیشینەکان. لە هەمان کاتیشدا لە قۆناغەکانی دواتر خەڵک و خاکەکەیشی لە پەراوێزدا ژیاون بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تردا (ابن رجب، ١٩٥٣: ١/ ١٠٦؛ ابن الجزيري، ١٩٣٣: ٢/ ١٠-١١؛ ابن قاضی شهبه، ١٩٧٩: ٢/ ٧٥-٧٦). گەشەسەندنی ئاوەدانی،

گەشەسەندنی شار و خوێندن و فێربوونە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٠٧)، چونکە زانست و فێربوون لە ئاوەدانی و لە شتە سروشتییەکانی مرۆڤە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٦٠). لە شاریش بوونی مرۆڤ بوونێکی کێبڕکێکارە لەسەر پیشەکان، بەم شێوەیەش نووسین لە پیشەی شارنشینییە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٠٨).

نەبوونی ناوەندی خۆیان و لە ناوەندنەبوونی هەژموونیان، ئەوانی خستووەتە پەراوێز لە ڕووی کلتووری، فەرهەنگی و زانستەوە کە لەدوای گەلانی ترەوە بن. ئەو مێژووەش بۆ خۆی بووەتە لێکەوتەیەک بەسەر خۆیدا؛ تەنانەت لە کۆتایی سەدەی پێنج کاتێک قوتابخانەیەک لە شارێکی وەکوو جەزیرەی ئیبن عومەر دەکرێتەوە نەک لەبەر گرنگیی قوتابخانە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەی ئەو لەوپەڕی گۆشەی وڵاتە و ناوچەیەکی پەراوێزکەتووە وەکو دەستکەوتێک بیندراوە، کە قوتابخانەی تێدا دەکرێتەوە (ابوشامە، ١٩٩٧: ١/ ٩٨).

لە ڕووی کۆمەڵایەتی ئەوە ڕوونبووەتەوە، کە نەریتی هەر نەوەیەک لە هەر قۆناغێک شوێنەکەوتەی گەورەکەیانن، کاتێکیش گەورەکان گەوراییان نەما، دەمارگیریش نامێنێت؛ (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ١٦٧، ٣٩٠) نەمانی دەمارگیری و مرۆڤ دەباتە قۆناغی وەحشیگەری (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤١٣) کە ئەوەش لە ڕووی کۆمەڵایەتی لە ئاست پێکهاتەکانی تر زیانی گەورەی بە کورد گەیاندووە لە ڕووی ناوبانگ و شوهرەت تا ئەو ڕادەیەی بە نەتەوەیەکی وەحشی بهێنە ژماردن (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ٣٤٣/١).

## دووەم: بەپەراوێزبوونی کورد و کاریگەریی لەسەر لایەنی ئابووری

لە ڕووی ئابووری بەپەراوێزبوون ڕەنگدانەوەی قورسی لەسەر ژیانی کورد هەبووە، دۆخی ئابووری پەیوەندی بە ژیان و ئاوەدانیشەوە هەیە، چونکە جیاوازی لە ژیانی گەلان جیاوازی لە شێوازی گوزەرانیاندا دێنێتە کایەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٣٣٩). کۆمەڵگەی شارستانیەتی پێشناکەوێت، هەتا خەڵکی تەنها لە دووای پێویستییە زەرورەییەکاندابن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٦٤). هەمیشە وایە بە نەبوونی دەسەڵاتدار، ئاسایش و ئارامی و ئاوەدانی لەناودەچێت، بەڵام بە هەبوونی دەسەڵات و دەسەڵاتداری، ئابووری و ئاوەدانی گەشەدەکات (مکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٦٨). ئابووریی کوردەکان بەگوێرەی ژینگە و سیستەمی ژیانیان گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە، بەهۆی نەبوونی ڕۆڵی کورد لە ناوەند و ناناوەندیی خۆشیان بە تەواوی بە ژیان و شێوەی ئابوورییانەوە دیارە، بە قورسی کاریگەری لێکردوون بە جۆرێک ژیانی پیشەداری لەناو کورد لە بایەخپێدراوەکان نەبوون، بۆشایەکی زۆری پیشەکاری بەهۆی زۆرینە کۆچەر و کاری ڕەوەندایەتی بە ژیانی ئابووریی کۆمەڵگەی کوردی دیاربووە، بەردەوامیش خۆی پێوەگرتووە (شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢٠).

دۆخی ئابووری خاوەن کاریگەری قووڵە لەسەر ژیان مرۆڤی کورد لە هەرێمە کوردنیشینەکان دوای نەمانی دەسەڵاتە کوردییەکان، هێزە بیانییە خاوەن دەسەڵاتەکان بە ئارەزووی خۆیان باجیان بەسەر کورددا سەپاندووە، باجی هێزە ناکوردییەکان ئاژەڵدارەکانیشی گرتۆتەوە (ابن العبری، ١٩٨٣: ٤٥٩). دەسەڵات و دادگەری پەیوەندیی بەهێزیان لە نێواندا هەیە، چونکە دادگەری لە ڕێگەی دەسەڵاتداری بەسەر خەڵکی وەدیدێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٧٩)، پاراستنی دادگەری و یاساش لە ڕێگای

هێزی سوپاوە دابیندەکرێت، خەڵکیش لەژێر سایەی پارێزراون (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٩٥)، کاتێک دەسەڵاتی کوردی لەناوچوون دەرگا بۆ هاتنی هێزەکانی تر کراوە، کە هیچ دادگەرییەک ڕەچاونەکراوە، بۆ ئەوەی زەویی کوردەکان بەسەر لایەنگری خۆیان دابەشبکەن (موکریانی،٢٠٠٧:٢/٢٥٠-٢٥١) هەر وڵات و ناوچەیەک داگیرکاری زۆری تێدا ڕوویدات ئاوەدانی و ئارامی تێکدەچێت، چونکە قۆناغی یەکەمی داگیرکاریی تاڵانکارییە و هیچ یاسا جێبەجێکردنەک لە گۆڕێدا نییە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤١٢). ستەم و تاڵانکاریی بەردەوام لە بێناوەندی سەرهەڵدەدات، کە یاسا و سزایەک بۆیان نەبێت. (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٨٢) کاتێکیش ستەم دووبارەبوویەوە خەڵکی بێئومێد دەبن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٨٣)، بەو هۆیەش وازهێنان لە پیشەکان بازاڕ و شار چۆڵ و وێران دەبن؛ خەڵکی بۆ ناوچە دوورەکان کۆچدەکەن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٨٧). لەبەر دووبارەبوونەوەی پەلامار و تاڵانکارییەکان، ڕوونیشە ئەو هێزانەی تاڵانکارن دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان هیچ بەرنامەیەکیان نییە، زیاتر ڕووبەڕووی بێدەسەڵاتەکان دەبنەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٠٦).

دەسەڵاتە کوردییەکان ئەگەرچی خۆجێیبوون، بەڵام دەیان توانی بەربە تاڵانکاری و ستەمی نێوان خەڵکی بگرن، میر بەدر کوڕی حسنەوی (٣٧٠-٤٠٥ک/ ٩٨٠-١٠١٤ز) بە توندی دژایەتیی خێڵی بەرزیکانی کرد، کە لە خێڵی خۆشی بوون، بەهۆی ئەوەی تاڵانیان لە کوردە گۆڕانەکان، یاخود خێڵی گۆران دەکرد، چونکە خەریکی کشتوکاڵ بوون (ابن الجوزی، د.ت:١٥/١٠٤-١٠٥)، بەڵام کە دەسەڵاتی کوردی نەما، ستەمی لایەنگرانی دەسەڵاتی ناوەند تەنها تاڵانکاریی هۆز و خێڵەکانی نەگرتەوە، بەڵکو خودی خاکی ژێردەستی میرە کوردەکانیشی گرتەوە، وەک شاڵاو داگیرکاری خێڵە تورکمانەکان لە سەر زەوی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میر سورخاب کوڕی بەدری عەنازی لەساڵی (٣٩٥ک/١٠٠٥م) کە بە

شێکی زۆری زەوییەکانی داگیرکرا ماڵ و سامانیشی تالانکرا (ابن الأثیر، ٥٧/١٩٨٧:٩)، تالانچییەکان وێرانکەری هۆیەکانی شارستانییەتن، چونکە بە هەڕەشەکردن بردنی کەلوپەلی پیشەوەران ستەمکردن لە نیشتەجێبووان ئاوەدانی تێکدەشکێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٠٨) هەر کاتێک لە هەر شوێنک ئامانج و دادپەروەری یەک نەبوون دۆخی چەقبەستوو دەبێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٨٩). دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و سامانی خەڵکی بێئومێدیان دەکات لە بەدەستهێنانی سەروەت و سامان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٧٩)، تالانکاری بە چ ئەندازەیەک بن، خەڵکیش بە هەمان ئەندازە لە کەسابەت دووردەکەونەوە (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٧٨).

لە مێژوودا کشتوکاڵ پیشەی خەڵکی نێشتەجێیە، بۆیە باجیان بەسەر دەسپێندرێن و بە زۆریش تالانیان بەرانبەر دەکرێت بە هۆیەوە ئیبن خەلدون پێیوایە؛ ئەوە پیشەیە کە مرۆڤەکان تووشی زەلیلی دەکات ( ٢٠١٦: ٢/ ١٤٧)، ئەوەش بە زۆری ئەو کوردانەی کە خەریکی کشتوکاڵ بوون تووشی ئەو ستەم و جەورە دەهاتن لەلایەن هێزە تالانچییەکان و هێزەکانی ناوەندیش، کە سەپاندنی باجیش بەسەر جوتیار و بێدەسەلاتەکان لەلایەن ئەو هێزانە بەدەوام بە ئارەزووی خۆیان بووە (ابن القلانسی، د، ت: ٢١٨؛ الاصفهانی، ١٩٧٩: ٢٠٣؛ الراواندی، ٢٠٠٥: ٢٦٠)، بە بڕوای ئیبن خلدون؛ باجدەر، زەلیل دەبن، ناتوانن بیر لە دروستکردنی دەوڵەت بکەنەوە. ( ٢٠١٦: ٣٩٢/١) چونکە ژێردەستەکانیش ئارەزوو هیواکانیان کورتن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٠٤)، هەر نەتەوەیەک ژێردەستە بێت لایەنە بەهێزەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریدەهێنن (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٠٥)، خەڵکی گشتی سادەن، فریودانیان ئاسانە بۆ ژێردەستەکردن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٣٢)، خاکی کوردان جوگرافیایەکی خێڵەکی هەبووە بۆ گەڕان و لەوەڕگا پەیداکردن، بەم جۆرەش ئابووریی کورد ئابوورییەکی خۆبژێوی بووە، ناچار نەبووە

لەپێناوی بژێوی بیر لە ڕێگا چارە و گۆڕانکاری بکات، هەر کاتێکیش پێویستی ژیانی کەوتبایە بەر مەترسی هێرش و پەلاماری لەسەر ئەو کوردانە دەکرد کە لە گوندەکان بەکاری کشتوکاڵ خەریکبوون، بەڵام ئەوەش هەرگیز قەرەبووی ئەوەی نەکردۆتەوە، کە خۆی ناوەند بێت یان هاوشێوەی هێزەکانی تر ڕۆڵ گێڕی ناوەند بێت، چونکە ناوەند تەنها ناوەندی سیاسی نییە، بەڵکو سەردەستەبوونی مرۆڤ و سەرجەم کایەکانی ژێردەستیەتی، بە پێچەوانەش ڕاستە (ئیبن خەلدون،٢٠١٦: ١/ ١٧٠؛ برۆنسون، ١٩٩٩: ٤٠-٤١-٤٢-٤٣-٤٤-٤٥-٤٦)، بۆیە دەبینن زۆرجار دۆخی خەڵکی هێندە خراپ بووە، توانای کڕینی کفنی مردووشیان نەبووە (ابن نظیف، ١٩٨١: ١١٤).

ئەوەش وەکو لێکەوتەیەک بەسەر تێگەیشتینی مرۆڤی کورد داشکاوەتەوە، چونکە لە شار خەڵکی بە ناچاری هەوڵدەدەن پیشەیەک فێرببن تا بژێویی ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١٧٠/٢)، کەچی کوردی کۆچەری، لە ڕێگەی سەودای کاڵا بە کاڵا، یان لە ڕێگەی تاڵانی لە جوتیار و گوندنیشینەکان پێوستیی خۆی بەدەستهێناوە (برونسن، ١٩٩٩: ٢٩٩-٣٠٠). بەم شێوەیە، نەمانی ئارامی نەمانی کەسابەتە، نەمانی کەسابەتیش نەمانی ئاوەدانییە، لە هەر کۆمەڵگەیەک (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١١٩-١٢٠)، بە گشتیش کاتێک نائارامی و دەستدرێژی بۆ سەر یەکتر هەبوو لە شوێنێک، خەڵکەکەی هەوڵی پەناگەیەک دەدەن کاتێک هیچ پارێزەر و پشت و پەنایەک نابینن، بەناچاری بۆ دووربوون لە هێرشی دوژمن شاخە بەرزەکان دەکەنە پەناگە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٨٢).

ئاشکرایە، پیشە و هەر جۆرێک لە پیشەکان لە لایەک هەڕەشەی لەسەر نەبێت و لە لایەکی تر گەشە و دەستەبەر دەبێت کە دەوڵەت خواستی لەسەر هەبێت، چونکە ڕەواجی بازاڕ لە لایەن دەوڵەتەوەیە (ئیبن

خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٧١)؛ ئەوەش ئەوە ڕووندەكاتەوە كە ئاوەدانی و گەشانەوەی پیشەكان هاوتایە لەگەڵ جێگیری و دەوڵەتداری. لەبەرئەوەشە، كە كۆچەر و دەشتەكییەكان شارەزاییان لە پیشەكان نییە، تەنها شتە سادە و پێویستەكان نەبن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٧٤)، كۆمەڵگەی شارستانیەتی پێشناكەوێت هەتا خەڵكی تەنها لە دوای پێویستییە زەرورییەكاندابن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٦٤). ئیبن خەلدونیش جەخت لەوە دەكاتەوە گەلان بە ئەندازەی توندیی دەمارگیری و بەهێزیی دەمارگیری گۆڕان لە گوزەرانی ڕوودەدات ( ٢٠١٦: ١/ ٣٨٧ )، چونكە دەوڵەت بە گەورەترین بازاڕ دادەندرێت ڕەواجی هەرشتێک لەم دەزگایەدایە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٧١) هەموو پیشەكان لە نەریتەكانی ئاوەدانی و شارستانیەت دەژمێردرێن و بەتێپەڕبوونی كات ڕەگوڕیشە دادەكوتن، هەتاكوو شار و دەوڵەت كۆنتر بێت، زیاتر جێگیر دەبن ئەگەر شارستانیەت و دانیشتوانیشی تێدا كەمبێت، بەڵام پیشەكان بەهۆی ئەو مێژووە دووردرێژە وەكو نەریتێک لەنێو خەڵكەكەی ڕەگوڕیشە دادەكوتێت و دەمێننەوە و دەگواسترێتەووە لەناو خەڵكیدا (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٦٧)، ژیانی ئابووریی كورد ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر بەپەراوێزبوونی كورد هەبووە و بووەتە درێژەپێدەری هۆیەكانی تر.

## باسی دووەم: پەراوێزبوونی كورد و كاریگەریی لەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی

كورد لە دۆخێكی كۆمەڵایەتی خولاودا ژیانیان بەڕێكردووە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر دۆخی سیاسی بەجێهێشتووە و دابەشبوونی سیاسیی خێڵ و خەڵكەكەی زۆر بە زەقی كاریگەریی لەسەر دۆخی كۆمەڵگە داناوە، ئەوانەی بوون بە هاوكاری دەسەڵات و هێزە بیانییەكان بەشێكی ئەوانەبوون كە لەو دۆخە ناڕازیبوون هەوڵی

هاوسەنگکردنی بارودۆخیان دەدا، خەڵکی شوێنکەوتەی دەوڵەتن و چاو لە پیاوە گەورەکان دەکەن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٠٠)؛ کاتێک گەورەکان خەریکی ملشکاندنن و کەس سەرنەوی نەکات بۆ ئەوی تر (شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢٠، ٢٤)، نەوەکانی داهاتووش لەسەری ڕادێن، ئەوەش بەهۆی نەخوێندەواری و دوورەپەرێزیی کورد، وایکردووە نائاگابن بە مێژوو و ڕابردووی خۆیان، ئەو بارودۆخەش واتە؛ نائاگایی بە مێژووی مرۆڤە گەورەکانیان هەمیشە لە پەراوێز و شکستی هێشتوونەتەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١١٧؛ شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢٥). مێژوو سەلماندوویەتی لەهەر شوێنێک دەوڵەت و پاشایەتی نەبێت، ئاوەدانی ناکرێت. ڕوونیشە کە ئاوەدانیش بێ دەوڵەت نابێت، لەبەرئەوەی لەو شوێنە شڵەژاوی هەیە کە دەوڵەت نییە؛ ناکۆکیی بەردەوام لە جێگەی ئارامی جێگیربووە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٠٣). ئیبن خەلدون جیهان بە بیستانێک دەشوبهێنێت، کە دیوارەکەی دەوڵەتە، دەوڵەتیش هێزێکە کە دەستوور و نەریتی پێ زیندوودەبێتەوە و، دەستووریش سیاسەتێکە کە دەسەڵات جێبەجێیدەکات و، دەسەڵاتیش شتێکە کە سوپا هاوکاریەیتی، سوپاش ژیانیان زامن کراوە و سەروەت و سامانی خەڵکی دەپارێزن، سەروەت و سامانیش شتێکە خەڵکی فەراهەمیدەکات و دادگەریش پارێزگاری لێ دەکات (٢٠١٦: ١/ ١٨٨). جگەلەوەی دەوڵەت و پاشایەتی وەک بازاڕی جیهان وایە، کە سەرمایە و زانست و هونەرەکانی تێدا کۆدەبێنەوە، لە ناویدا بەدوای داناییە ونبووەکان دەگەڕێن (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ١/ ١٥٥). هەرکاتێک ئەو بنەمایانەی سەرەوە نەبوون، جیاوازی و پەرتەوازەیی لەم ناوچەیە هەیە، لە ڕووی سیاسی هەبوونی جیاوازیی نێوان دانیشتوانی هەر شوێنێک وادەکات، بە ئاسانی بکرێت بە ئامانجی هێزی دەرەکی، بکەوەنە ژێر مەترسیی داگیرکاری، چونکە بەشێکیان هەوڵی لایەنگیریی هێزی نوێ دەدەن و دژی هەژموونی هێزە کۆنەکانن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٣٣) ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە دەسەڵاتی خۆت

نەبێ لە هەبوونی بۆشای سیاسی و پەراوێزبوون لەو بارودۆخە شتێکی سروشتییە.

جیاوازیی بیروباوەڕ و ئارەزووەکانیش کە هەریەک و بە شوێن دەمارگیرییەکەوەن، هەر دەمارگیرییەک ڕێگرە لە دەمارگیریەکی تر و هەریەکەیان خۆیان لەوی تر بە خاوەن هێز دەزانن، ئەمەش ئارامی ناهێڵێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٤٠). بارودۆخی سیاسی بە هەبوونی دەسەڵات و سوپا پارێزراو دەبێت؛ سیاسەت و سوپا تەواوکەری یەکتر و قەڵغانی پاراستنی و بناغەی هەر کیانێک لەسەر ئەوان دادەمەزرێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ١٨٨). کاریگەریی سیاسی و سەربازی و نەبوونی ناوەندێک لە ناوچە کوردییەکان وایکردووە بەشێکی زۆری خەڵکی شار و کوردنیشنەکان سەرچاوەی پاراستنی خۆیان بە ناوەند گرێداوە و بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی خۆماڵیی یەکگرتوو، نەبوونی هەژموونی کوردیش لە ناوەندا (تۆفیق، ٢٠١٤: ٧٨-٧٩-٨٠).

لە بنەڕەتدا هێزی مرۆڤ پەراگەندەن، بۆیەش پێویستی بە دەمارگیرییە هەتا بتوانێت هێزەکان یەکبخات و هێزێکی گەورە دروستبکات. لە خاکی کوردان ناکۆکیی قووڵی نێوانیان گەورەترین گرفت بووە و سیستەم و دەزگای سیاسی لەسەر یاسای خێڵ بنیادنرابێت، ئەمەش وایکردووە بیر لە فراوانخوازی و داگیرکردنی ناوچەکانی دەوروپشت نەکەنەوە (ابن الساعی، ١٣٠٩:، ١٣٤؛ ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١١٦ )، دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لەو قۆناغە مێژووییە سیاسیەت و ئامانج دوورمەودایان نەبوو وشیاریی سیاسییان لە ئاستێکی لاواز و بێکاریگەری بووە. میر بەدری کوڕی حسنەوی (٣٦٩-٤٠٥ک/ ٩٧٩-١٠١٤ز) بەهۆی هەڵەی لە بیرکردنەوەی سیاسیدا ناکۆکیی قوڵی لەنێوان خۆی و هیلالی کوڕی دروستکرد (ابن الاثیر، ١٩٨٧: ٨/٥٥-٥٦)، هەروەها میر بەدر بەهۆی هەڵەیەکی تری سیاسی کە حیسابنەکردن بوو بۆ

سەربازەکانی لە سەر دەستی ئەوان کوژرا (ابن الاثیر، ١٩٨٧: ٨/٨٢-٨٣)، هەروەها میر نصرالدولەی مەڕوانی (٤٠١-٤٥٣ک/ ١٠١٠-١٠٦١ز) پێش ئەوەی دەسەڵاتی سەلجووقی دەستبەسەر ناوەندا بگرن ملکەچیی خۆی بۆ ڕاگەیاندن، کەچی کاتێک دەسەڵاتی سەلجووقی لە ناوەند جێگیر بوو، کەوتە دژایەتیکردنیان کە خەریکبوو سەلجووقییەکان شاڵاوی گەورە بنێرنە سەر وڵاتەکەی، ئەوەش ناوشیاریی سیاسی و کورتبنی دەردەخەن (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٨/ ٣٣٤؛ ابن العبری، ١٩٨٦: ٩٧).

بەشێکی زۆری پێکهاتەی کورد لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە، کەوتبوونە ژێر کاریگەریی هەژموونی ناوەند، هەر بەم هۆیەش چاوەڕێی پاراستنیان لە ناوەند دەکرد، بەهۆی بوونی سوپا و هێزەی سیاسیی ناوەندەوە، بیرتەسکیی سیاسیی کوردان و جیاوازی لە چوارچێوەی خێڵ و ناوچەیدا جیاوازی و ناکۆکییەکانی قووڵتر دەکردەوە، ئیبن خلدون ئاماژە بەوەدەکات، لەو بارودۆخەدا دەسەڵاتی ناوەند خۆی وەکو پارێزەریان نیشاندەدات، سامان و سەروەتیان پارێزراو دەبێت، بەم هۆیەوە خەڵکەکەش ڕێزیان لێ دەگرێت ( ٢٠١٦: ٢/ ١٦٨)، لە ڕووی سیاسییەوە هەمیشە بەشێکبوونە لە ناوەند و خوویان بەو دۆخە وەگرتووە، لێیڕاهاتوون (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٥٠). سیاسەتی هێزەکانی ناوەندیش بەهۆی هێشتنەوەی ژیانیان، دەستکارینەکردنی دەبووە هۆی ئەوەی حوکمڕانییان ئاسان بێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/٢٩ ؛ شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢٥)، کە خەڵکیش بێناوەند بوو بە ناچاری چاو لە ژیان و دروشم و ئاداب دەسەڵاتی ناوەند دەکات (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٠٢)، بەم هۆیەش ئەوانەی دەرەوەی شار لە کۆمەڵگەی ناتەواون بە ناچاری لەبەر پێویستییەکانیان گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار و هێزی شارەکان دەبن، بۆیە زۆرجاریش خێڵ و دانیشتووانی دەرەوەی شارەکان سوودیان لێ وەردەگیرێت وەکوو هێز لە لایەن هێزی دەسەڵاتداری شارەکان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤١٥-٤١٦).

کورد نەکەوتووەتە ململانێی دەسەڵاتخوازی تا بەهۆیەوە هێزەکان لە یەک کۆببنەوە ئەو دۆخە بە بەردەوامی وایکردووە بەشێکی بەرچاوی هێزە بیانییەکان لە کوردەکان پێکهاتبێت (تۆفیق، ٢٠٠٨: ١٤٧، ١٥٥). هەر بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسیی کوردی بە ڕوونی دیارە، کە کورد لە سوپای هێزەکانی تریش ژمارەیان کەمنەبووە کە ڕۆڵیان هەبووە لە چەسپانی دەسەڵاتی سەلجووقی (ابن الاثیر، ١٩٨٧: ٨/ ٣٣٨، ٣٤٤)، لەنێو سوپای سەلجووقی لە قۆناغەکانی دواتریش ڕۆڵی گرنگیان هەبووە. (ابن الاثیر، ١٩٨٧: ٨/ ١٤٣) لە شوێنی دوورتریش بە نموونە جەلالییەکان لەنێو سوپای میسر (العمری،٢٠١٠: ٣/ ١٤٨)، کوردەکان لە ڕووداوی سەربازی ڕۆڵیان هەبوو (تۆفیق، ٢٠٠٨: ٨٩-٩٠)، کاتێکش دەسەڵاتی خۆجێیی هێزی خۆیان نەبێت ئەوە دەرگا بە ڕووی هەموو هێزەکانی تر کراوەدەبێت بۆ سوودوەرگرتن لە توانا ماددی و مرۆیی ناوچەکە، بۆ بەرژوەندی و ئامانجەکانی خۆیان هەموو سوودوەرگرتنێکی هێزەکانی تر دەبێتە هۆی داڕووخانی توانای ماددی و مرۆیی ناوچەکە و، لە هەمان کاتدا ناوچەیەکی کراوە دەبێت لەپێش هاتنی هێزەکان (ابن الاثیر، ١٩٨٧: ٨/ ١٥٣-١٥٤-١٥٥)، ناسەقامگیریی سیاسیش بەردەوام وێرانی بەدوای خۆی دادەهێنێت، چونکە سوپایەک نییە بیپارێزێت، پابەندبوون و گوێڕایەڵیی ناوەند بەهۆی بوونی بۆشایی دەسەڵاتداری سەریانهەڵداوە، لێکەوتەی سیاسی و سەربازی بە ڕوونی بە دۆخی کورد دیار بووە، لە لایەن ڕۆشنبیرانی کورد هەست بە بوونی بۆشایی و بەکارهێنانی کورد لە لایەن هێزەکانی ترەوە هەستپێکراوە، چونکە بەردەوام وەکو هێزێکی ئامادە و تەیاری ململانێی نێوان هێزەکان سوودیان لێ وەرگرتووە، لەم قۆناغە و لە قۆناغی دواتریش بەردەوام بووە (شەرفخان،٢٠٠٦: ل١٣١، ١٤٣، ١٦١، ١٧١؛ برهان، ٢٠١٨: ١٦٨-١٦٩). سوودی گەورەیان لە کورد بینیوە بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسیی خۆیان، ئەمە وەکو مێژوویێک خۆ لە کورد دانەبڕیوە، نەوە لەدوای نەوە بۆتە قوربانیی ئەو دۆخە. بەم هۆیەوە ئەحمەدی خانی (١٦٥١ – ١٧٠٦) لە شیعرێکیدا دەڵێت:

اڤ روم عجم بوان حصارن   کرمانج همی لچارکنارن

هردو طرفان قبیل کـــرمانج     بو تیر و قضا کرینەآمانج (خانی، ١٩١٩: ١٤)

واتە؛ بۆ هێزەکانی دیکە وەکو دیوارێکی پارێزەرن، هەر بۆیەش لە پەراوێز و دوور لە گەشانەوە بوونە، لە دەستی هێزی بێگانەش بوونەتە داردەست لەهەمان کاتیشدا کوژاری تیری بەڵان، لە لایەن ئەو هێزانە. سیاسەت و سوپا پایەی گرنگی چەسپاندنی ناوەند و جێگیرکردنی ڕەهەندە گشتییەکانی دەوڵەتن لە کۆمەڵگە، ئەوەش پەلکێشکردنی کۆمەڵگەیە بۆ بوونی بە کۆمەڵگەیەکی شارستانی، دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتی پەیوەستن بە یەکەوە کە لەسەر لایەنی سیاسی و هێز جێگیر دەبێت و سەرچاوەی پاراستنی خەڵکەکەیە، بە سروشتیش وایە دانیشتووانی شارن پشت بەهێزی سوپا و پاسەوانەکان دەبەستن لە کاتی مەترسیدا (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٥٨)، چونکە دەزگای تێدایە، واتە؛ سیاسەت خۆی بە ناوەند کردووە و سووپاش ئامادەیی بەردەوامی هەیە، بۆیە لە شار بەرگریکردنیان داوەتە دەست فەرمانڕەواکان، کەچی کۆمەڵگەی جێگۆڕکێ و کۆچەر و دەشتەکییە ناوچە دوورەکان خۆیان بەرگری لە خۆیان دەکەن، بەڵام لە شار و دەوڵەت کەس بیر لە چەک ناکەتەوە بۆ خۆپاراستن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٣٥٠)، چونکە لە کاتی بەرگریدا سەربازەکانی دەوڵەت بەرگری لە شار دەکەن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٣٥٧). دەسەڵاتی دەوڵەت کە بناغەکەی شارە، دەسەڵاتە ناوەندییە بە زنجیرەیەک دامودەزگا پێکهاتووە کە بە شێوەیەکی ژیرانە کار دەکەن ئارامی و ئاسایش پارێزەری دەسەڵاتداریشن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٤٠)، واتە؛ دەسەڵات پەناگەیە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٠٠).

بەپەراوێزبوونی کورد کاریگەریی سیاسیی زیندووی هەیە، بەردەوام لێکچووی قۆناغە مێژووییەکانە، جیاوازیی خێڵ و ناوچەیی ناکۆکی قووڵیان هەبووە و ژیانێکی سادە ژیاون هەر کۆمەڵێک خۆ بە پاشای مەملەکەتی ژێردەستی خۆی زانیوە، پارێزگاری لە ئەندامانی خێڵی خۆی کردووە (ابن الساعی، ١٣٠٩: ١٣٤؛ العمری، ١٣١٢: ٣٧-٣٨؛ بایەزدی، ٢٠١٥: ٢٩، ٣٠)، لە کاتێک کە دەسەڵاتدار و دەوڵەت خۆی پارێزگاری لە گەل دەکات، سامان و سەروەتیان پارێزراو دەبێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١٩٧/١؛ ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١٦٨)، نەبوونی پێشینە لە کێبڕکێ لە ناوەندەکان، نەبوونی ناوەندێکی دێرین خۆیان بەسەر هۆشیاریی سیاسیی ئەوان جێهێشتەوە لە کاتێک بە درێژایی مێژوو وەکو ناوچەیەکی دوور لە ناوەند و، هەمیشە ناوچە دوورەکانیش تاڕاددەیەک ناڕازی و یاخین، لە هەمان کاتیشدا هەمیشە بەشێک بوون لە ناوەند خوویان بەو دۆخەوە گرتووە، لێیڕاهاتوون (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٦؛ ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٥٠)، دەوڵەتەکانیش هەمیشە دژی ئەوانن کە ناڕازی و یاخی و ژێربار نین، دەجەنگن تا لە داهاتووش نەبنە مەترسی لەسەر دەوڵەت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٥). مەکیاڤیللیش پێیوایە دەستکارینەکردنی سروشتی ژیانی خەڵکی حوکمڕانیکردنیان ئاسان دەکات، ئەوەش هەمان ئەو ئاماژەیە کە شەڕەفخان بۆ سیاسەتی هێزەکانی ناوەند بەرانبەر بە سروشتی ژیانی کورد کردوویەتی لە مێژوودا (٢٠١٩: ٢٩؛ شەڕەفخان، ٢٠٠٦ز، ٢٥). بەم شێوەیە، کەوتەنە ژێر هەژموونی هێزەکانی ناوەند (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٠٢). بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی دەرەوەی شار کە کۆمەڵگەیان ناتەواوە بە ناچاری لەبەر پێویستییەکانیان گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار و هێزی شارەکان دەبن، بۆیە زۆرجاریش خێڵ و دانیشتوانی دەرەوەی شارەکان سوودیان لێوەردەگیرێت وەکو هێز لە لایەن هێزی شارەکان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤١٥-٤١٦).

کاریگەرییەکانیش ئەوە دەخەنەڕوو، کە زاڵبوون و بە ساختەکاری و زیرەکی وەدەستهاتووە لە ڕووی سیاسی لە مێژوودا، بە هۆیەوە دەسەڵاتدار زاڵ و سەرکەوتن بەسەر خەڵکی و، خەڵکیش گوێڕایەڵ و ژێردەستن (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٣٠)، کە زۆرجار سوود لە هەست و سۆز وەرگیراوە، بەرگی ئاینیش باشترین بەرگە بۆ دەسەڵاتداران کە بەکاریبهێنن، بۆ فریودان و ئاڕستەکردن و بەکارهێنانیان بۆ بەدەستخستن و پاراستنی بەرژوەندییەکانیان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٣٤)، باشترین نموونەش جەنگی مەلازگردە (٤٦٣ک/ ١٠٧١ز)، کە گۆڕانکاریی هەمەلانی بەسەر کورددا هێنا و و کاریگەریی دیاری لەسەر ناوچەکە بەجێهێشت (ابن الاثير، ١٩٨٧: ٨/ ٣٨٨-٣٨٩؛ حمدالله مستەوفی، د، ت: ٤٣٢-٤٣٣)، ئەگەرچی کورد خۆی هێزی پاراستنی سنوورەکانی ئیسلامی بووە (موکریانی،٢٠٠٧ز، ٢/ ٢٣٤)، بەڵام پۆشینی بەرگی ئاینی لەلایەن سەلجووقییەکان (ابن لاثير، ١٩٨٧: ٨/ ٣٨٨) هۆیەک بووە لە هۆیەکانی ستەمکردن، تا هۆکارەکانی کارکردنی ئەوان داپۆشراو بێت لە چاوی خەڵکی (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٦٣؛ ابن خلكان، ١٩٧٢: ٥/ ٢٨٤؛ ابن تغری بردی، ١٩٣٢: ٥/ ١٣٥)، خێڵە لایەنگرەکانیشی، لە کاتی سەرکەوتنیی ئەو هێزە لە جەنگدا، زیاتر دەکەوتنە ژێر چنگییەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٦٧).

کاریگەرییە سیاسییەکانی دۆخی کوردان ناکرێت بیانخەینە پاڵ قەزاوقەدەر، بە ڕای مەکیاڤیللی یەکێک لە سروشتەکانی ڕووتێکردنی چارەنووسی مرۆڤ ئاڵنگاریەک کە خۆی لە جەربەزی و توند دەبینێتەوە، کە زۆر لە ویست و وشیاری باشترە بەرانبەر چارەنووس، چونکە چارەنووس مەیلی بە لای جەربەزی و توندی زیاترە لە وشیاری، ( ٢٠١٩: ١٨٥) گومان لەوەدا نییە چارەنووس کاریگەری لەسەر ژیان و کاری مرۆڤەکان هەیە، چونکە ڕەنگە جار هەیە هەندێک لە مرۆڤەکان هەموو ئەو ئامرازەنەشیان گرتبێتەبەر کە خەڵکی پێ دەگەنە مەبەست، بەڵام ئەو

شکستی خواردبێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٨٣)، بەڵام نەبوونی دەسەڵات و لەدەستدانی دەسەڵات هیچ کات پاساوی قەزاوقەدەر بە ڕەهای هەڵناگرێت، بەڵکو کەموکوڕیی ئەو مرۆڤانەیە کە سەردەستەن و پێشەنگی کۆمەڵگەن، چونکە ئەوەی لە ئاشتی خۆی بۆ جەنگ ئامادە نەکات لە جەنگ دەرفەتی کەم و تواناکانی سنووردارن، وەکو مەکیاڤیللی ئاماژەی بۆ دەکات مرۆڤ کاتێک هێمنیی زەریا دەبینێت هێزی زریان و شەپۆلەکانی لەیاددەچن (٢٠١٩: ١٨٧). لە لایەکی تر، پەرتەوازەیی خەڵکی هۆیەکی زاڵبوونی هێزەکانی ترە بەسەریاندا (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٧٧). ئەگەرچی لە مێژوودا ئەوە سەلمێندراوە، کە پەرتوبڵاوی، زەلیلی و گرفتاری، ستەمکردن و وێرانی لێکەوتۆتەوە، بەڵام هەرگیز لە مێژووی کورددا ئەو ستەمکردنانە نەبوونە هۆی دروستبوونی هەستێکی گشتی و دەمارگیرییەک کە هەموو جیاوازییەکان لە خۆی کاڵبکاتەوە خۆی بەسەریاندا بسپێنێت، هەموو وەکو پێویستییەک لەپێناوی لە مێژوودا هەوڵبدەن، بەڵکو دۆخەکە بەردەوام بێت، هێزەکان توانیویانە سوود لە توانای مادديی و مرۆییان وەربگرن لە بەرژوەندیی خۆیان بەکاریانبهێنن.

سروشتی ژیانی سیاسیی کورد، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە هەوڵ بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی سیاسی بدەن، بەو هۆیەوە کێبڕکێ و گیانبازی بکەن لەپێناو بەدەستهێنانی، بەڵکو سیاسەتی خێڵیان بە گونجاوترین ئەزموون و چێژبەخشترین ئەزموون زانیوە، چونکە لەگەڵ گۆڕانکاریی سیاسی لە ناوەندەکان هەرگیز گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سەرۆکخێڵ ڕووی نەدەدا و لە هەمان کاتیش خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها و لەشکرێکی دڵسۆز بووە، لەگەڵ خێڵێکی گەڕۆک نە مەترسییەکان کاریگەرییان لێ کردووە، نە ناوەند لەشکری ڕێکخراو بووەتە خەمێک بۆ خۆپاراستنیان ئەو دۆخەش لێکەوتەی گەورەی لەسەر دۆخی سیاسی هەبووە، کە لە ناوەندی خەلافەت نەبوونە بە کێبڕکێکاری سیاسی دوای ئەزموونیکردنی نەژادەکانی تر لە ناوەند، لە هەمان کاتیشدا ئەو دەسەڵاتە

خۆماڵییەشی نەبووەتە هۆی بناغەیەکی سیاسی بۆ دروستکردنی ناوەندێکی بەهێز و خۆماڵی کە بناغەی سیاسی دەسەڵات لە خاکی کوردان جێگیر بکات، بەڵکو وەکو سوپایەک سوودیان بە بەهێزکرنی هێزەکانی تر گەیاندووە لە قۆناغە جیاوازەکان، هێزی سیاسی و سەربازی لەسەر بنەمای خێڵایەتی و خێڵایەتیش لەسەر بنەمای جوگرافی دابەشبوون. بۆیەش کورد بووەتە پاشکۆی دەوڵەتی تورکەکان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٠٦).

## باسی سێیەم: بەپەراوێزبوونی کورد و کاریگەریی لە ڕووی جوگرافی و دیمۆگرافی

ئەوانەی تەنها هەوڵی بەدەستهێنانی پێویستی و پاراستنی خۆیان دەدەن، ئەوانن بە دەگمەن نەبێت ناتوانن ئەو قۆناغە تێپەڕێنن، بگەن بە شارستانیەت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٣٤٢؛ برۆنسون ١٩٩٩: ١/ ٤١-٤٢، ٤٧-٤٨)، ئەوانەشی ناتوانن ناوەند و شارستانیەت ئاوابکەن، زۆرترین پەلامار و کارتێکردنیان ڕووبەڕوودەبێتەوە، لەبەرئەوەی ڕوونە کە سروشتی گوزەران بە هاوبەشی لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون تێگەیشتنی مرۆڤەکان دیاریدەکات بۆ ژیان و دەوروبەر (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٣٤٣)، بۆیە گەر سەرنجی شوێن و پێگەی کورد بدەین، دەبینین وەکو لێکەوتەیەک کێوەکان بە شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکان دادەندرێن، بەم هۆیەش نیشتەجبوونی کورد لە چۆڵ و نشێو و کێوەکان بە کێوی کوردان دەناسران (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٢٣٣). ئەوەش ئاشکرایە، کە لە سەرزەمین کۆچەر و دەشتەکییەکان شاری کەم هەن (ئیبن خلدون،٢٠١٦: ٢/ ١٧٣؛ شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢٠)، چونکە هەر کاتێک گەشانەوەی شار گۆڕدرا بۆ دواکەوتن؛ تێکشکانی ئاوەدانی دەستپێدەکات، دانیشتوانی بەرەو کەمبوونەوە دەچن، سامان کەمدەبێت. خەڵکیش وەکو سەردەمی گوندنیشینی تەنها گرنگی بە شتە پێویستییەکان دەدەن (ئیبن

خەلدون،٢٠١٦: ٢/ ١٧٢)، چونکە یەکەمین خواستەکانی مرۆڤ پێویستییەکانیەتی (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١/ ٣٤٤؛ برۆنسون، ١٩٩٩: ١/ ٤٧-٤٨-٤٩). لەژێر ڕۆشانیی ئەو تێگەیشتنانەی ئیبن خەلدون ئاشکرا دەبێت، کە لە ڕووی جوگرافی لێکەوتەکان بە ناوچە کوردنیشینەکانەوە دیارن. زانیمان کۆمەڵگەی کوردی بەسەر خێڵ و تیرەی گەورە و بچووک دابەشبووە، ئەوانیش هەریەکە ناوچە و مەڵبەندی دیاریکراوی خۆیان هەبووە، کوێستان و گەرمیانیان هەبووە، هەر سنووربەزاندنێک شەڕ و ململانێی لێکەوتووەتەوە، بۆیە بەردەوامیش ململانێی و ناکۆکیی قووڵیان لە نێوانیاندا هەبووە، هەر ئەو دابەشبوونە خێڵەکییە دابەشبوونێکی جوگرافی لێکەوتووەتەوە ئەوەش کاریگەری هەبوو، و سەریان بۆ کەس کزنەکەن لە دەوری یەک سەرکردش کۆنەبنەوە (ابن الساعی، ١٣٠٩: ١٣٤؛ شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٥). ئەوەش هەر خێڵ و تیرەیەک لە مەڵبەندێکی جوگرافی لەسەر ئەو سروشتە ژیانیان بەردەوام بوون، گەیشتن بە ناوەندی بەشێکی زۆری هێزەکان لە ڕووی جوگرافی بە زیانی هەژموونی کوردەکان تەواوبووە، بەشێکی زۆریان ئاوارە و دەربەدەربوون لە هەرێمە ناکوردییەکان کۆچیان هەتا شام، میسرِ و بەغدادش چووە (ابن العمری، ٢٠١٠: ٣/ ١٩٧-١٩٨).

هاتنی هێزەکانی تر و بنیادنانی دەسەڵات خۆسەپاندنیان بە شێوەیەکی ژیر و سیاسەتمەندانەبوو بە تایبەتی تورکە سەلجووقییەکان بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتیان لە خاکی کوردان چەندین دەسەڵاتیان لە ناوچەکە بنیادناوە (ابن الأثیر، ١٩٨٧: ٩/ ٢٧٤-٢٧٥؛ أبن الأثیر، ١٩٦٣: ٤٨، ٥٧، ٦٤؛ القزويني، د، ت: ١٢٥، ١٣٠-١٣١)؛ تیایدا جێگیربوون و ئاواکردنی دەسەڵات لە لایەن تورکەکان لەو خاکەی داگیریانکردووە، ئەوەش هۆیەکی ئاسان بووە تا حوکمڕانی بکەن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٣٠)، لەلایەکی تر، گواستنەوەی هێزی خۆیان لە ڕێگەی پەناهەندەکان بۆ شوێنە داگیرکراوەکان بۆ سەپاندنی هەژموونیان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٣١)،

سروشتی هێزی نوێ ئەوەیە هەموو شوێنەوارەکانی هێزی پێشوو دەسڕێتەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٠٢)، نەمان و نەهێشتنەوەی نەژادی دەسەڵاتدارەکان؛ هۆی زاڵبوون بەسەر هەر خێڵ و نەژادێکە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٩).

لەگەڵ زاڵبوونی سەلجووقییەکان لە ناوەند، زیاتر دەرگای واڵاکرد بە ڕووی خێڵە تورکمانەکان بۆ هەرێمە کوردنشینەکان، ئەوەش تەنها کاریگەریی خراپی نەکردووەتە سەر لاوازکردن و ڕووخانی میرنشینەکان و سنووردارکردنی دەستەڵاتی سەرۆکهۆز و قەڵادارەکانی کورد، بەڵکو یەکێک لە دیارترین ئەو لێکەوتانەی بەسەر دیمۆگراف و هەژموونی دەسەڵاتی خۆماڵی کورد لە هەرێمە کوردنیشینەکان، کە بڵاوبوونەوە و نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هۆز و بنەماڵەی تورکەکان بە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی ئیسلامی لێکەوتەوە (ابن العمراني، ١٩٩٩: ١٨٨-١٨٩)، لەناوشیاندا هەرێمە کوردنشینەکان، لەژێر سایەی سوڵتانەکانی سەلجووقیی و دواتر ئەتابەگییەکان، کە ئاسانکاریی زۆریان پێشکەش بە تورکمانەکان دەکرد. بە پێچەوانەشەوە، پاڵەپەستۆی زۆریان دەخستە سەر کورد بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانیان، کە دواجار بۆ هەر بنەماڵە و سەرکردەیەک ناوچە و قەڵایەک بڕایەوە، قەوارەیەکی سەربازی تێدا بنیادناوە (ابن القلانسی، د، ت: ١٩٦-١٩٦؛ تۆفیق، ٢٠١٠: ٢٧٤-٢٧٥). سروشتی قەوارەیان دەستەڵات کە دادەمەزرێت، ئەوانی لایەنگری ئەون ڕووی تێدەکەن بۆ ئەوەی پارسەنگی هێز لەگەڵ لایەنگرانی دەوڵەتی کۆن ڕاستبکاتەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦ز، ٢/ ١٠٢-١٠٣)، توێژەرێکیش پێیوایە؛ سەلجووقییەکانیش فەرمانبەرانی خۆیان ڕەوانەی هەرێمە کوردنشینەکان دەکرد بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکان و پشتیان پێ دەبەستن (بەشیر، ٢٠٠٦: ٣٠٧-٣٠٨) سوڵتان مەلیک شاهـ (٤٦٥-٤٨٥ک/ ١٠٧١-١٠٩٢ز) پشتی بە ڕەگەزی تورکی دەبەست لە پێکهێنانی هێزی سەربازیدا، بە بەخشینی زەوی دەرەبەگی (اقطاعات) پێیان

و، بڕینەوەی گوندێک یان چەند گوندێک و نیشتەجێکردنیان لەوێ (بەشیر، ٢٠٠٦: ٣٠٨؛ ڕەسوڵ، ٢٠١٩: ٧٦)، دوای ڕووخانی هەردوو میرنشینی شەدادی (٣٤٠-٤٦٨ک/ ٩٥١-١٠٧٥ز) و ڕەوادیی (٣٤٣-٤٦٣ک/ ٩٥٤-١٠٧١ز)، ئەوەی تایبەتە بە ئاران سوڵتان مەلیک شاهـ ئەم هەرێمەی بۆ یەک لە سەرکردەکانی سوپا بڕیەوە بە ناوی؛ "سەرهنگ ساوتکین"، ئەمەش سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی بەخشینی زەویی دەرەبەگی سیستەمی (الاقطاع) [1] دانا لەماوەی مێژووی سەلجووقی، چونکە ئەو دەوڵەتەی لەسەر فراوانی دروستببوو، بۆیە گەیشتە چارەسەرێک بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەویش دابەشکردنی ئەقتاعەکان بوو، ئەقتاع لەبری مووچەی نەختی بوو (طەرخان، ١٩٦٨م، ٢١-٢٢)، سیاسەتی سەلجووقییەکان ئەو بارودۆخەی بەسەر هەرێمەکانی بەشێک لە هۆزی بەناوبانگی (جورقان) "گۆران" (یاقوت الحموی، د، ت: ٢/ ١٨٢) ناچارکرد زێدی ڕەسەنی خۆیان (بەرزاییەکانی هەرێمی چیایەکان) جێبهێڵن و بەرەو ناوچەی جامعین کە دەکەوێتە نێوان حیلە و بەغدا کۆچیان کرد، بەشێکیشیان کۆچیان کرد بۆ ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە (العمری، ٢٠٠٩م، ٣/ ١٩٨). ئەو ڕەوشەی کە بەسەر بەشێکی خێڵەکانی تریشدا هاتووە، لەوانەش: جەلالییەکان ناوچەکانی داقوق و شارەزوور ئاوارەی میسر و شام بوون (یاقوت الحموی، د، ت: ٣/ ٣٥٧).

شەڕی مەلازگرد (٤٦٣ک/ ١٠٧٠ز) دیمۆگرافی ناوچەکەی گۆڕی و، سیمایەکی تورکیی پ بەخشی (الزیباری، ٢٠٠٩: ٦٧)، سەلجووقییەکان بەرپرسیارەتی چەند شاری کوردییان وەک خەلات (خلاط) و مەلازگرد بە بەرپرسی تورک سپارد(فارقی، ٢٠٠٧: ١٠٩). بەهۆی سیاسەتی ئەوانیش بەشێکی خەڵکی شاری خەلات شارەکەیان جێهێشت، چەندین بنەماڵە لە شاری قاهیرە گیرساونەتەوە، بوونی گەڕەکێکیش لەم بارەیەوە بە ناوی؛ "حی خلاطین" بەڵگەیەکی دیارە لەسەر ئاوارە و دەربەدەربوونی دانیشتووانی ئەم شارە کوردنشینە (چەلەبی، ١٩٧٩: ١٦٠)، دواتر

دانیشتووانی شارێکی وەک خەلات لە قۆناغەکانی دواتریش جگەلە ڕەگەزی تورک و چەند ڕەگەزێکی دیکە، هیچ ئەماژەیەک بە مانەوەی کورد لە شارەکە نەکراوە، توێژەرێکیش پێیوایە؛ مێژووی نیشتەجێبوونی تورکەکان لەو شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەلجووقییەکان (ڕەسوڵ، ٢٠١٩: ٧٦)، هەروەها بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی کوردی لە خاکەکەی هێزەکانی ناوەند بەردەوام خەریکی بەهێزکردنی هەژموونی خۆیان هێنانی لایەنگریان بوون بۆ ناوچەکە بە نموونە بە یاوەریی توغرلی سێیەمی سەلجووقیی لە سەدەی (٦ک/١٢ز) پەنجا هەزار تورکمان ڕوویان کردە شنۆ، ئورمێ، خوی و سەلماس و، کەوتنە تاڵانکردن و وێرانکاری لە ناوچەکە (الحسینی، ١٩٨٥: ٢٩٦-٢٩٧)، بەمەش ڕێژەی تورکمانی لە هەرێمە کوردنشینەکان زیادیکرد. نەبوونی کورد لە مەیدانی ململانێ و کێبڕکێی دەسەڵاتخوازی و نەمانی ناوندە کوردییەکان، ئەمەش چەند میرنشینێکی نوێی تورکمانی لە شارەکانی وەک ئامەد، میافارقین، ماردین بە ئەنجامی باڵادەستیی تورکەکان بەسەر ناوچەکە دادەندرێت (الزیباری، ٢٠٠٩: ٦٨؛ ڕەسوڵ، ٢٠١٩: ٧٦)، تا وای لێ هات لە سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوانزەی زایینیی زۆربەی قەڵا و شارە گرنگەکانی هەرێمە کوردنشینەکان کۆنترۆڵکران، چەندین دەستەڵاتی بنەماڵەییان تێدا دامەزراند، لە بەرانبەردا کوردیان پشتگوێخست. بۆ نموونە: دامەزراندنی ئەتابەکییەی زەنکی لە مووسڵ (٥٢١-٦٣٠ک/ ١١٢٧-١٢٣٢ز) (ابن واصل، ٢٠٠٩: ١/ ٢٨-٢٩؛ محەممەد، ٢٠١٣ز، ١١٨)، وەکو لێکەوتەش بەسەر بارودۆخی ژیان ئەوان کاریگەری داناوە، ئەو هێزانەش لە ڕووی گۆڕانی دیمۆگرافیش کاریگەرییان هەبووە، بە جۆرێکە بەشێکی زۆری شار و هەرێمەکان ڕەگەزی نوێی تێدا نیشتەجێبوون؛ بە تایبەتی خێڵ و تیرەی تورکمان (ابن العمرانی، ١٩٩٩: ١٨٨-١٨٩)، ئەوەش کاریگەریی مێژوویی بەسەر جوگرافیای ناوچە کوردنیشینەکان وەکوو لێکەوتەیەک لەدوای ئەو قۆناغە بەجێهێشت (کسروی، ١٣٨٨: ٢٢٩-٢٣٠).

سنووری ناوچە کوردنیشینەکان بەپێی زانیاریی تۆمارە مێژووییەکان خاکی کوردنیشین بەرەو بچووکبوونەوە چووە بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی فەرمانڕەوایەتیی میرنیشینە کوردییەکان (شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢١؛ برۆنسون، ١٩٩٩: ١/ ٢٩-٣٠-٣١-٣٢-٣٣)؛ نەک هەر ئەوە هێزکانی تریش لە قۆناغەکانی زۆر دواتریش چاویان لەسەر ئەم خاکە بووە، هەڕەشەی داگیرکاری و گۆڕانکاریی جێژیانی کوردان بابەتێکی زیندووی مێژوو بووە، هەموو ئەو بارودۆخەش بەهۆی نەبوونی کوردە وەکو ناوەندێکی بەهێز، بۆیە شوێنی ژیانی کورد بۆتە شوێنی چاوتێبڕنی هێزەکانی دەوروبەر. بۆیەش هۆزانوانێکی کوردی وەکو حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧م) لە مێژووی نویَ دەڵێت:

خاکی جەزیر و بۆتان، یعنی وڵاتی کوردان

سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان

(کۆیی، ١٣٩٠: ٩٣)

کە بە هۆی بەناوەندنەبوون لە ناوەندنەبوون کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر جوگرافیا ناوچە کوردنیشینەکان، گۆڕانکاریی سنوورەکانیشی بەدوای خۆیدا هێناوە، کوردیش خەریکی ئەو سروشتە ژیانەی بووە کە لە مێژە خووی پێوەگرتووە، دۆخێکی نەخوازراو، وەکو لێکەوتە بەسەر جوگرافیای ناوچە کوردنیشینەکاندا هاتووە، مێژووی خستووەتە ژێر ئەو بارە. واقیعێکی مێژوویی دروستکردووە بەردەوام هێزەکان بە هاتنیان کاریگەرییان لە دیمۆگرافیای خاکی کورد کردووە (ابن ابی الهیجاء، ١٩٩٣: ١٨٠-١٨١؛ محمد، ١٩٩٠: ٦٢)، بەڵام بوونی جەنگاوەری جەربەز و ئازای خێڵەکی بووەتە بەربەستی بەردەم حەزی زلهێزانی ڕۆژگار (برۆنسون، ١٩٩٩: ١/ ٣٣). نکوڵی لەوە ناکرێت هەبوونی دەسەڵات هۆی بەرپەرچدانەوەیە لە هەر کاتێکدا و لە هەمان کاتیشدا

دێرینیی دەسەڵات دەبێتە هۆی لەناوبردنی نەهامەتییەکان لە هەر ناوچەیەک بێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٥). نەبوونی دەسەڵاتیش دەبێتە هۆی چاوتێبڕینی ژێردەستەکردنی خەڵکی و دەستبەسەرداگرتنی خاکەکەی.

**ئەنجام:**

١-بەپەراوێزبوونی کورد کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردتۆتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی، بە شێوەیەک کوردی لە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی هێشتۆتەوە و بەردەوامیداوە بە فۆڕمی پێکهاتەی سروشتیی خێڵایەتی و قبوڵنەکردنی ئەوانی تری کوردی. ئەمەش وایکردووە، کە هەژموونی هاوزمان و هاوڕەچەڵەکی خۆی بە بچووککردنەوەی خۆی ببینێت و ئاژاوە و ناکۆکی لەنێو کۆمەڵگاکەی بەردەوامی هەبێ، کە ئەمەش کاریگەرییەکی گرنگی بە ناوەندنەبوونە، کە تێیدا بێ سیستەمی باڵادەستە و کۆمەڵگایەکی ڕاهاتوو بە پەرتەوازەیی بەرهەمهێناوە.

٢-یەکێکی تر لە کاریگەرییەکانی بەپەراوێزبوونی کورد، بریتییە لە بەردەوامیدان بە ئابوورییەکی داخراو و لۆکاڵیی بەرتەسک و مانەوە لە دۆخێکی سادە و بازنەیەکی خولاو، کە تێیدا خواستی خەڵکی لەسەر پێویستییە سەرەکی و زەروورییەکانی ژیانی بووە، ئەم دۆخەش نەبۆتە هۆی گۆڕانکاری و دروستبوونی شاری گەورە، ئەمەش وایکردووە بە شێوەیەکی فراوان ژیانی پیشەکاری ڕەگدانەکوتێت بە درێژایی قۆناغەکانی دواتریش گەشانەوە و ئاوەدانی لە ئاست گەشەی دەوروبەری سست و لاواز بێ کاریگەری بووە لە ژیانی کورد.

٣-یەکێک لە لێکەوتە هەرە گرنگەکان، کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی تەواوی بەسەر ڕەوشی کورد هەبووە لێکەوتەی سیاسییە، بەردەوام کورد لە ڕووی سیاسییەوە پەراوێزخراو و دابەشکراو بووە، سیاسەتیش نەبووەتە دۆخێکی گشتگیری و وێنەی تەواو کۆمەڵگە کوردی نیشانبدات، بەڵکو هەمان ئاڕاستە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی خۆبنیاددەنێنەوە ئاڕاستە و هێز و هزری گشتگیریان تێدا گەشەی نەکردووە، لە قۆناغەکانی دواتریش دۆخەکە لێکەوتەی بەسەر کورد ماوەتەوە، ئەوەش وایکردووە سیاسیەت لە دۆخێکی پەراوێزدا بووە و خێڵیش بەردەوام ناوەندی سیاسیی کورد بووە. بەمانایەکی تر، دوور بووە لە ناوەندی سیاسیی ئاڕاستەکار، بە پێچەوانەوە هەمیشە ئاڕاستەکراوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر داهاتووی هەبووە بە ئێستاشەوە.

٤-گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیا و جوگرافیا یەکێکە لە کاریگەرییەکانی بەپەراوێزبوونی کورد، کە بەهۆیەوە بەردەوام کەوتۆتە بەر شاڵاوی هێرشکاریی دەرەکی و ڕاگواستن کۆچکردن هاتۆتە ئاراوە، بەمەش جوگرافیاکەی گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، بە تایبەتی کاتێک هێزی داگیرکار ڕۆڵی هەبووە لە نیشتەجێکردنی هاوڕەگەزی خۆی و کاڵکردنەوەی ڕەگەزی ژێردەست، بەمەش گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای ناوچە کوردنیشینەکان هاتۆتە ئاراوە، کە کاریگەریی بەردەوامی هەبووە، تەنانەت گۆڕانکاری بەسەر شوناسی جوگرافیای نەتەوەیدا هێناوە.

## پەراوێزەکان:

١-(سیستەمی الاقطاع): بەو زەوییانە دەوترا کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە سەرکردە سەربازییەکان دەبەخشران لەبری پارە لەکاتی پێویست. الماوردی، ١٩٨٩م، ١/ ٢٤٨-٢٤٩؛ ڕەسوڵ، ٢٠١٩م، ١٠٤.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**١- سەرچاوە عەرەبییەکان:**


-**ابن الاثير**، على بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد (ت: ٦٣٠هـ/ ١٢٣٢م).

التاريخ الباهرفي الدولة الأتابكية، تحقيق: عبدالقادر أحمد، دار الكتب الحديثة (القاهرة: ١٩٦٣).

الكامل فى التاريخ، راجعه و صححه: محمد يوسف الدقاق، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٨٧م).

- **الاصفهانى**، عمادالدين لكاتب (ت: ٥٨٨هـ/ ١١٩٣م).

سنا برق الشامى، تحقيق: فتحيةالنبراوى، النشرة مكتبة الخانجى (مصر: ١٩٧٩).

- **ابن تغري بردي**، جمال الدين ابي الماحسن يوسف الاتابكي (ت: ٨٧٤هـ/ ١٤٦٩م).

النجوم الزاهرة في ملوک مصر والقاهرة، مطبعة دار الكتاب المصرية (القاهرة: ١٩٣٢م).

- **ابن الجزرى**، شمس الدين أبي الخير محمد بن محمد (ت: ٨٣٣هـ/ ١٤٢٩م).

غاية النهاية في طبقات القراء، مكتبة الخانجي (مصر: ١٩٣٣).

- **ابن الجوزي**، جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد (ت: ٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م).

منتظم في تاريخ الملوك والأمم، تحقيق: محمد عبدالقادر و مصطفي عبدالقادر، دار الكتب العلمية (بيروت: د.ت).

**-أبن خزدابة،** أبو القاسم عبدالله بن عبدالله(ت:٢٨٠هـ/٨٩٣م).

المسالك واالممالك، دار صادر(بيروت:١٨٨٩).

- **الخزرجي**، مسعر بن المهلهل (ت: ٣٩٠هـ/ ١٠٠٠م).

الرسالة الثانية، مطبعة جامعة (القاهرة: ١٩٥٥م).

- **ابن خلكان**، أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر(ت: ٦٨١هـ/ ١٢٨٢م).

وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان. حققه: إحسان عباس، دار الصادر (بيروت: ١٩٧٢).

- **الراوندى**، محمد بن علي بن سليمان (ت: ٦٠٣هـ/ ١٢٠٥م). راحة الصدور وآية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية، ترجمة: إبراهيم أمين الشواربي وأخرون، المجلس الأعلى للثقافة (الجزيرة: ٢٠٠٥).

- **ابن رجب**، زين الدين أبي الفرج عبدالرحمان شهاب الدين (ت: ٧٩٥هـ/ ١٣٩٣م).

ذيل على طبقات الحنابلة، صحه، محمد حاالفق، مطبعه السنة المحمدية (القاهرة: ١٩٥٣).

- **ابن الساعى**، على بن أخجب (ت: ٦٧٤هـ/ ١٢٥٦م).

مختصر أخبار الخفاء، مطبعة الأمير (مصر: ١٣٠٩).

**أبو شامة**، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي (ت:٦٦٥هـ/١٢٦٦م).

الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية المحقق: إبراهيم الزيبق، مؤسسة الرسالة(بيروت:١٩٩٧).

- **ابن العبري**، ابو الفرج غريغوري بن هارون الملطي (ت: ٦٨٦هـ/ ١٢٨٧م).

مختصر تاريخ الدول، دار الرائد اللبناني (لبنان: ١٩٨٣م).

تاريخ الزمان، ترجمة: الأب إسحاق أرملة، دار المشرق (بيروت: ١٩٨٦).

- **العمرانى**، محمد بن علي بن محمد (ت:٥٨٠هـ/ ١١٨٤م).

الانباء في تاريخ الخلفاء، تحقيق: قاسم السامرائى، ط١، دار الافاق العربية (القاهرة، ١٩٩٩).

- **العمري**، إبن فضل الله شهاب الدين أحمد بن يحيي (ت: ٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م).

مسالك الابصار في ممالك الامصار، تحقيق: كامل سلمان و مەدي النجم، دار الكتاب العلمية (بيروت: ٢٠١٠م) تعريف بالمصطلح الشريف، مطبعة العاصمة (مصر: ١٣١٢هـ)

– ابن قاضى شهبه، لأبي بكر بن أحمد بن محمد بن عمر بن تقى (ت: ٨٥١هـ/ ١٤٤٨م).

طبقات الشافعية، تصحيحه، الحافظ عبدالعليم خان، مطببوعات دارة المعارف العثمانية (حيدر أباد: ١٩٧٩).

– **ابن القلانسي**، أبي يلعي أبي حمزة ابن (ت: ٥٥هـ/ ١١٦٠م).

بذيل تاريخ الدمشق، مكتبة المتنبى (القاهرة: د.ت).

– **الماوردى**، أبي حسن علي بن محمد بن حبيب (ت:٤٥٠هـ/ ١٠٥٤م).

الاحكام السلطانية، تحقيق: أحمد مبارک البغدادي، دار آبن قتيبة (الكويت: ١٩٨٩).

– **ابن نظيف**، أبي الفضائل محمد بن علي بن نظيف (ت: ٤٣١هـ/ ١٠٣٩م).

التاريخ المنصورى، تحقيق: ابو العيد دو دو، مطبعة الحجاز (دمشق: ١٩٨١).

– **أبن أبي الهيجاء**، عزالدين محمد بن أبي الهيجاء أبن محمد (ت: ٧٠٠هـ/ ١٣٠٠م).

تاريخ ابن أبي الهيجاء. طباعة النشرة الثقافية (القاهرة: ١٩٩٣م).

- **ابن واصل**، محمد بن سالم بن نصرالله بن سالم (ت: ٦٩٧ه/ ١٢٩٨م).

مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب، تحقيق: جمال الدين، دار الكتب والوثاق القومية المطبعة الاميرية (د.م: ٢٠٠٩).

- **ياقوت الحموي**، شهاب الدين أبي عبدالله (ت: ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م).

معجم البلدان، دارصادر (بيروت: د، ت).

**٢- سەرچاوە فارسييەكان:**

- **الحسينى**، صدر الدين أبو الحسن علي بن ناصر (ت: ٦٢٢ه/ ١٢٢٦م).

زبدة التواريخ تحقيق: محمد نورالدين، دار اقرا (بيروت، ١٩٨٥).

- **حمدالله مستەوفى**، أبوبكر بن حمد بن نصر القزويني المستوفي (ت: ٧٥٠هـ/ ١٣٤٩م).

تاريخ گزيدة، نشر اليكترنى، بهمن نصارى، د، م(د،م: د،ت).

- **قزوينى**، قاضى احمد غفارى (ت: ٩٧٥ه/ ١٥٦٨م).

تاريخ جهان آرا، چاپخانه نيكپو (تهران: د،ت).

**٣- سەرچاوە کوردییەکان:**

- **بەدلیسی**، شەرەف خان، شەرف الدین کوڕی شمس الدین (م: ١٠١١ک /١٦٠٣ز).

شەرەفنامە، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، دەزگای چاپی ئاراس (هەولێر: ٢٠٠٦).

- **چەلەبی**، ئەولیا محەممەد ضلی (م، ١٠٩٣ک/ ١٦٨٢ز).

سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی (و: سعید ناکام، چاپخانەی کۆری زانیاریی کوردی، بەغداد، ١٩٧٩).

- **ئیبن خەلدون**، عبدالرحمن بن خەلدون (م: ٨٠٨ک/ ١٤٠٦ز).

موقەدیمەی ئیبن خەلدون و: سعید بەشیر، چاپەمەنی گەنج (سلێمانی: ٢٠١٦).

- **فارقی**، ئیبن ئەزرەقی، لعماد الدین أحمد بن یوسف بن علي (م: ٥٧١ک/ ١١٧٥ز).

مێژووی میافارقین و ئامەد، وەرگێڕانی: محەممەد پشدەری و ئاکۆ بورهان، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

- **نێکۆلا مەکیاڤیللی** (م: ٩٣٣ک/ ١٥٢٧ز).

میر، وەگێڕانی: بەختیار ئەحمەد سالح، چاپخانەی گەنج (سلێمانی: ٢٠١٩).

### ٤- سەرچاوە نوێیە کوردییەکان:

-**بڕهان**، ئاکۆ، میرنیشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسیی، چاپخانەی چوارچرا(سلێمانی:٢٠١٨)

- **بامەڕنی،** ئازاد عەبدوڵڵا، ئایدۆلۆژیا دهۆزانێن جگەرخوێندا، چاپخانا خانی (دهۆک: ٢٠٠٧).

- **بایەزیدی**، مەلا مەحموودی، دابونەریتی کورد، وەرگێڕانی: شوکریە ڕەسول، چاپخانەی پەنجەرە (تاران: ٢٠١٥).

- **برۆنسون**، مارتن ڤان، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەگێڕانی: کوردۆ، چاپخانەی سەردەم (سلێمانی: ١٩٩٩).

- **بەشیر**، نیشتیمان، کورد و سەلجووقییەکان (و: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦).

- **تۆفیق**، زرار سەدیق،

کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا (چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠).

چەند لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. چاپخانەی خانی (دهۆک: ٢٠٠٨).

کۆمەڵگەی کوردەوای، چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر: ٢٠١٤).

- **خانی**، ئەحمەدی، مەم و زین، مطبعة نجم استقبال (اسنبول: ١٩١٩).

- **ڕەسووڵ**، ڕەسووڵ ئیبراهیم، پێکهاتەکانی کوردستان لە سەردەمی عەباسیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین (هەولێر: ٢٠١٩).

**عبدڵلا**، کامران عزیز، هۆکارەکانی سەر هەڵدان و ڕووخانی میرنیشینە کوردییەکانی لە سەردەمی عەباسیدا، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر: ٢٠١٢)

- **کۆیی**، حاجی قادری، دیوانی حاجی قادری کۆیی، انتشارات کردستان (سنندج: ١٣٩٠هـ).

- **محەممەد**، قادر محەممەد، کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەمی زاینیی (چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣).

- **موکریانی**، حسێن حوزنی، سەرجەمی بەرهەمەکانی، بڵاوکراوکانی دەزگای ئاراس (هەولێر: ٢٠٠٧).

**٥- سەرچاوە نوێیە عەرەبییەکان:**

- **حسن**، قادر محمد، الامارات الكوردية في العەد البريەي دراسة في علاقاتها السياسية و الاقتصادية (٣٣٤-٤٤٧هـ/ ٩٤٥-١٠٥٥م). مطبعة ڕۆژهەڵات (أربيل: ٢٠١١).

- **ريچ**، كلديو جميس، ضوء رحلة ريج، ترجمة: بهاالدين نورى، دار العربية (بيروت: ٢٠٠٨).

- **الزيبارى**، محمد صالح، سلاجقة الروم فى آسيا الصغرى، ط٢، د.ط، (د.م، ٢٠٠٩).

- **طەرخان**، ابراهيم على، النظم الاقطاعية (دار الكاتب العربى، القاهيرة، ١٩٦٨).

-**كى لسترنج**، بلادان خلافة الشرقية، نقله الى عربية:بشير فرنسى و كوركيس عواد، مطبعة الرابطة(بغداد:١٩٥٤)

- **محمد**، احمد عبدالعزيز، الەذبانيون في ازربيجان و اربل و الجزيره الفراتيه (اطروحة، الجامعة الصلاح الدين، (اربيل: ١٩٩٠).

**٦- سەرچاوە نوێیە فارسییەکان:**

- **كسروى**، احمد، شهرياران گمنانم، موسسة انتشارات نگاه (تهران: ٢٠٠٠).

## پاشکۆ

خارطة الامارات الكوردية في العصر العباسي




بۆ ئەم نەخشەیە سوودمان وەرگرتووە لە (کی لسترنج، ١٩٥٤: ١١٤، ١٣٢، ١٩٣، ٢٢٠، ٢٣٥، ٢٤٩؛ عبدڵلا، ٢٠١٢: ١٨٩)

**الملخص**

الاكراد كجنس بارز ومعروف خلال العصور الوسطى ظهرت على حياتهم نوع من التهميش والاستهماش و التبعية للمركز،بمعنى ان الاخرين دائما سلطوا نفوذهم عليهم،هذا البعد الكردي عن الصراع والمنافسة عن التمركز كتأثير يظهر على حياة وحضارة الاكراد، في هذا البحث قمنا بتحليل هذه الظاهرة بفهم اثنين من مفكري فكرة التمركز وصناعة المركز والخروج من التهميش وهما ابن الخلدون ومكيافيللي.

هذا البحث يتكلم على هذه العواقب التي اثرت على بقاء وضع تهميش الاكراد في كل الجوانب وتأثيرها على افراد الاكراد ومراحل حياتهم التاريخية.

هذا البحث يتكون من تمهيد و خمس نقاط.

اما التمهيد فهو خاصة بتحليل المقصد بتهميش الاكراد والبقاء في التهميش وعدم ظهور الكرد كمنافس على التمركز كشأن الاجناس الاخرى.

اما النقطة الاولى فهو بحث عن الانطباعات الاجتماعية وتأثيراتها. و النقطة الثانية تبحث العواقب الاقتصادية وتأثيراتها على التهميش. و النقطة الثالثة تبحث العواقب السياسية والعسكرية. و النقطة الرابعة فهي عن العواقب الجيوغرافية والديموجرافية.وفي نفس الوقت بينا تأثيرها على نظرية الاعمار؟ تأثيرالاعمار على سحب المجتمع للتمركز والتهميش؟

الكلمات المفتاحية: الأكراد، الهوامش، المجتمع، التركيبة السكانية، الازدهار، الاقتصاد، التاريخ، المركز.

**The effects of Kurdish marginalization in the centuries (4-5 AD/ 10-11 AD) A study in the light of Ibn Khaldun's theory**

**Abstract**

The Kurds during the middle age appear as a prominent and well-known race in their lives and as a kind of marginalization, and this marginalization made them follow the centre. It means the others have always imposed their authority on them. This Kurdish dimension of conflict and competition about centralism seemed to have an effect on Kurdish lives and civilization. In this research, we analyse this phenomenon by understanding the two thinkers' centralism idea, Ibn Khaldun and Machiavelli, which are making centralism and preventing marginalization

This research discusses the consequences that impacted the perpetuation of the Kurds' marginalized situation in all aspects and their effect on the Kurdish individuals and the stages of their historical life.

This research consists of introduction and five points.

The purpose of this introduction is to analyse the marginalization of Kurds and continuity of marginalization without appearing Kurds as a competitors regarding the centralism like the other nations.

The first point is to searching for the social impressions and their effects.The second point is to seek the economic consequences and their effects on marginalization.

The third point is to find the political and military consequences.The fourth point is about the geographic and

demographic consequences, and at the same time explained its impact on the theory of construction? The impact of construction on the community's withdrawal of concentration and marginalization?

Keywords: Kurds, Margins, Society, Demographics, Prosperity, Economy, History, Center